ttp://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.319

# نامە شیعرییەکانی مەولەوی تاووگۆزی

حسين محمود علي


## پوختە

سوکرات گەر بکرێت؛ پێی دەڵێین: باوکی رۆحیی هونەر و فەلسەفەی یۆنانی، چونکە ئەرستۆ بە مامۆستای یەکەم ناو دەبرێت. دەڵێت: (مرۆڤ بە سروشت گیانلەبەرێکی کۆمەڵگەییە)، هەرچەندە مێژوویەکی وورد نییە بۆ دەستنیشان کردنی دروست بوونی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان. بەڵام بە دروست بوونیان، کۆمەڵگە پێویستیی پێوەندیی کۆمەڵایەتی لادروست بوو، دیارە زمان بەهێزترین پێوەندی بووە، ئایا پێش زمان چی بووە؟ ئەم باسە گریمانە و بیردۆزەی زۆری لێ کەوتەوە، یەکێك لەوانە دەڵێت، پێوەندی بە هۆی ئاماژەوە بووە، کە پێی دەڵێین: (لغة الإشارات)، دوایی بووەتە زمانێکی بێ پەیرەو؛ پڕ لە قیژە و هەرا، کە زیاتر لە لاسایی کردنەوەی دەنگە سروشتییەکانەوە هاتووە؛ بەگوێرەی گەشە کردن و پەرەسەندنی قۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی مێژوو، دواجار زمان گەشەی کردووە، بووەتە پێڕەو، تاگەیشتۆتە قۆناغی ئەمڕۆی، کە کۆمەڵەگەکان و هەڵکەوتە جوغرافیاییەکانی نیشتە جێ بوون و جۆرەکانیان زۆر بوون، نووسین داهێنرا، ئەوە بووە زمانی نووسین و هاتە پاڵ زمانی ئاخاوتن و ئەرکی کەم کردەوە، دیارە بۆ بەردەوام بوونی پێوەندیی مرۆڤایەتی و گەشەکردنی، نامە نووسینیش وەکو زمان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، تا گەیشتۆتە قۆناغی ئەمڕۆی.

نامە خزمەتێکی زۆری بە مرۆڤایەتی کردووە: وەکو لە پێشدا ئاماژەم پێداوە، کەلێنی زۆری بە هەموو جۆرەکانییەوە، پڕ کردۆتەوە، کاریگەریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای کەوتۆتە سەر، لەزوو گەیاندنی مەبەستەکان، ئەمەش ناراستەوخۆ کاریگەریی گەورەی بووە لە پێشخستنی مرۆڤایەتیدا، نامە نووسین ئەوەندە بایەخی پێدراوە، جێگەی خۆی لە ئەدەب و لە رەگەزی شیعری دا کردۆتەوە، شاعیران زۆر بایەخیان پێداوە، وەکو نامەشیعرییەکانی (چامەکانی) مەولەوی تاووگۆزی، بۆیە ئەم بابەتە گرنگەم هەڵبژارد.


**کلیلی ووشەکان:** نامە شیعرییەکانی، مەولەوی تاووگۆزی، شیعر

## پێشەکی

هەرچەندە لەم سەردەمەدا؛ دارشتنی نامەی نوێ بە پرنسیپەکانی نامە نووسینی جاران باوی نەماوە، ئەویش بەهۆی پەیدا بوون و پێشکەوتنی ئامێر و هۆیەکانی تەکنەلۆژیا، ئێستا کورتەنامە (Message)ی مۆبایل (Mobile) و (ماسنجەر، ڤایبەر، واتس ئاپ...هتد)، شوێنی گرتۆتەوە، چونکە بە کورت ترین نووسین مەبەست دەگەیەنێت، لێرەدا ئەمەش مەبەستە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، نامە نووسین لە کۆندا گرنگی خۆی لەدەست دابێت، چونکە لە مەبەستە کەسییەکانی نێرەر و خوێنەر، لایەنی مێژوویی (هۆشداری، جەنگی...)، ویژەیی، دوکیومێنتاری، شێوازگەرایی...هتد، تێدایە، هەروەها بەشێکی زۆر گرنگە لە پەخشانی ئەدەبی، هەرچەندە ریتم و کێش و مۆسیقای دەرەوە (سەروا) تییدا وەکو

شیعر بەكار نەهاتووە، بەلاَم سۆز و ئەندێشە و هزری ناسك و لەرەی رۆحی تێدا بەكار هاتووە، جگە لەوە؛ تاكە بەش و گرنگی گەیاندن و راگەیاندنە جۆراوجۆرەكان بووە: (كەسی، خۆشەویستی، گلەیی، پرسەنامە، گشتی، بازرگانی...هتد.)، نامە نووسین بە زمانی كوردی درەنگ هاتە ناو كۆمەڵگە و ئەدەبیاتی كوردییەوە، بەهەردوو جۆرەكەی،چ هۆنراوە، چ پەخشان، هۆیەك بووە بۆ پتەوكردنی پێوەندی كردنی كەس و كۆمەڵ، هۆكارێكی تر بووە بۆ بنیات نان و بەرەو پێشەوە بردنی شارستانییەت و كۆمەڵگە. نامە نووسین وەكو دەڵێن: (نیمەی بینینە، زۆر لە ئەرك و تێچوون و كات گل دەداتەوە و هەمان مەبەست دەگەیەنێت)؛ پیاوە دەسەلاَت دارەكان؛ كاتێ خوێندەوار كەم بووە،جوان نووسێك و خوێندەوارێكی تایبەتیان بووە بۆ نامە نووسین. پێیان وتووە (میرزا)، یان (كاتب).

هۆی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیەم، دەگەڕێتەوە بۆ دەرخستنی گرنگی نامەی شیعری (چامە) لە ئەدەبی كوردەواریدا و چامەكانی مەولەوی تاووگۆزی بۆ شێخان و دۆستان و هاوڕێیانی، كەلە سۆزێكی بەرز و رەوانبێژییەكی بالاَ و شێوازێكی ناسكدا كە شێوەزاری دەڤەری هەورامانی سەر بە شێوەزاری گۆرانە داڕشتوون، دڵنیام كە كاریگەریی زۆری هەبووە لەسەریان، جوولاَندوویانە بۆ ئەوەی وەلاَمیان بداتەوە.

نامەكانی درێژە پێدەر و تەواو كار و گەشە پێدەری چامە كوردییەكانە، چ لە سەردەمی پێش و چ لە پاش، وەكو لە پێشدا روونم كردەوە؛ چامەكانی تایبەتی خۆیان هەیە، چونكە بە شێوەزاری مۆسیقا ئامێزی (گۆران – هەورامی) بە شێوازێكی رۆمانسییانە هۆنراونەتەوە، لە رووی كرۆنۆلۆجیای نامە نووسین بە زمانی كوردی دەگەڕێتەوە بۆ زیاد لە سەد و هەشتا ساڵ پێش ئێستا، كە ماوەیەكی كەم نییە، بەڵگەنامەیەكی بەهێزی ئەدەبی كوردیی تەواوكار (متكامل)ە.

ئەم توێژینەوەیە هەردوو رێبازی شیكاریی: (پەسنی-وەسفی) و (رەخنەیی)، بە راڤە كردنی وشە و لێكدانەوەی گشتی دەستەواژە و رستەكانی لەخۆ گرتووە و پشتی بەسەر چاوەی باوەڕ پێ كراو بەستووە، دابەش كراوە بەسەر سێ بەش و یانزە تەوەردا.

بەشی یەكەم/ بریتییە لەواتای وشەی (نامە) لە رووی فەرهەنگییەوە، ریشەی رێزمانییەوە، زاراوەییەوە، پێناسە و چەمكەكانی نامە، قۆناغە مێژووییەكانی دەركەوتنی نووسینی و مەبەستەكانی.

بەشی دووەم/ دەركەوتنی دیاردەی نامە نووسین لە كۆمەڵگەی كوردەواریدا، زمان و شێوازی نامە نووسین، پەخشان، نامەی شیعری (چامە) لە ئەدەبی كوردیدا، رەهەندە جیاجیاكانی.

بەشی سێیەم/ چامەكانی مەولەوی، زمانی شیعری و شێوازی، وێنەی شیعری، مۆسیقا...، جۆرەكانی شیكردنەوەیان بە نموونەی شیعرییەوە، كاریگەری لەسەر وەرگرانی ئەم نامانە.

دواجار توێژینەوەكەم بە ئەنجام و سەرچاوەكان و دوو كورتەی باسەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی كۆتایی پێهێناوە، بە هیوای ئەوەی توانیبێتم كەلێنێكی تر لە ئەدەبیاتی كوردیدا، لە بواری هونەریی و ئەدەبیی نامە نووسیندا پڕ كردبێتەوە و راژەیەكی بچووكم بە ئەدەب و زمانی كوردی كردبێت،كە بنەمای بەهێزی نەتەوەیین.

**بەشی یەكەم**

**1/ واتای فەرهەنگی، بوونی بەزاراوەی شیعری و ئەدەبی، ریشەی رێزمانیی وشەی نامە.**

1 ) واتای فەرهەنگی: نام: ناڤ، وشەی دروشمی ناسین، نامە: دەی، وشەی دنەدان (تشجیع): ( نامە راکەن بگەنیٚ)، قاقەزی نووسراو بۆ بەڕێکردن، دەنگ و باسی نووسراو لە کتێب دا: ( رۆستەم نامە )، ( 1 )

نامە: کاغەزێکی نووسراوە، کە بۆ یەکێك بنێرریٚ، نامەبەر: کەسێکە کاغەز بگەیەنیٚ بەم و بەو. ( 2 )

ئەحمەدی خانی ئەم زاراوەیەی لە یەکەم دێڕی دیوانەکەی دا بەکار هێناوە.

دەڵێت: سەرنامەی نامە نامی الله

بیٚ نامی وی ناتەمامە والله ( 3 ).

رسالە : Letter ( 4 )

**بوونی بەزاراوەی شیعری و ئەدەبی**

ئەم ناوە بووەتە زاراوەی ئەدەبی، شیعری، (چامە) شی پیٚ دەڵێن، واتە نامە نووسین بە هۆنراوە، ﴿الترسل، دەلالەتی لەبەکار هێناندا هاوجووتە بە (التراسل، المراسله، المكاتبه)، کە هەمووی دەلالەت لەسەر دواندن بە زمانی پێنووس﴾ن، هەروەها لە تایبەت مەندییەکانی نامە گۆڕینەوە (المكاتبه) دا هاتووە: سانایی، چۆن لە سورشتدا هاتووە، دوور کەوتنەوە لە قورس کردن، رازاندنەوەی ئاخاوتن بە (نووسین)، روونی، کورتی) لەسەر بنەمای (باشترین ئاخاوتن): کورت بیٚ، ئاماژە بدات، بێزار نەکات، واتە پڕ پێستی، توانای نووسەری نامە و ئەوەی بۆی دەنێردرێت بێت، جوانی و خۆشی پێببەخشێت، واتە: بیدرەوشێنێتەوە، هەروەها نامە زانستییەکان، واتە: ئەکادیمییەکان، کە خاوەنەکەی توێژینەوەیەك، یاخود نامەیەك پێشکەشی دەکات، ئەمە پشت بە بنەما مەنهەجییەکان دەبەستێت، لە کۆکردنەوەی سەرچاوەکاندا، خستنەرووی بابەتەکە، شیکردنەوەی، بەنداندنی، هۆکارکردنی، تا دەگاتە ئەنجامەکان و کورتەکان، ئەم جۆرە؛ واتە نامە ئەکادیمییەکان دەگرێتەوە، کە خوێندکار پێشکەشی زانکۆی دەکات، بۆ وەرگرتنی نازناوی زانکۆیی، پلەی زانستی بە جۆرەکانییەوە)[5]. هەروەها ئەم نامانە پشت بە پەخشانی رەها دەبەستن، کە نەبەسترابنەوە بابەتی رەوانبێژی و سەروادار و جۆرەکانی رازاندنەوە و جوانکارییەوە، بەم واتایە، لە ئادابی نەتەوە کۆنە کاندا، وەکو نەتەوەی کورد، کە لە چوارینەکانی ﴿بابا تاهیری هەمەدانی (935 – 1010م)یەوە دەست پیٚ دەکات﴾*، نامەکەی حەزرەتی (سلێمان) بۆ

---

* سنووردارکردنی مێژووی سەرهەڵدانی ئەدەبی شتێکی ئاسان نییە، ئەمە زیاتر پەیوەندی بە مێژووی نووسینی بەرهەمەکانەوە هەیە. من دڵنیام پێش چوارینەکانی (بابا تاهیر) بەرهەمی تر هەبووە، تۆمار نەکراوە، یان نەدۆزراوەتەوە. دەست نیشان کردنی؛ رەها و ئاسان نییە.

(بەلقیس) شاژنی مەملەکەتی (سەبەء، سبأ) لە یەمەن، بۆ (تەسلیم (موسڵمان) بوونی بەلقیس و قەومەکەی) بە سلێمان پێغەمبەر(د.خ) *

بە نیسبەت عەرەبەوە لەسەردەمی، دەورەی جاهیلییەتدا. شتێکم نەبینییە بەناوی نامەوە، بەڵام نامەی شیعری هەیە وەکو: نامە شیعرییەکەی (عمرو)ی کوڕی کلسوومی تەغلوبی بۆ (أبا هند)،کە نامەیەکی جەنگییە و بەم بەیتە دەست پێ دەکات:

(أبا هند فلا تعجل علينا

وأنظرنا نخبرك اليقينا)**

واتە: (أبا هند) پەلەمان لێ مەکە و چاوەڕوا نمان بە هەواڵی راستیت پێ دەدەین. دوای دەورەی نەفامی، دەورەی هاتنی ئیسلام دەست پێ دەکات و نامەکانی پێغەمبەر محمد (دروودی خوای لێبێت)، کە لە جێگەی تری ئەم توێژینەوەدا خستوومنەتە روو.

جۆرەکانی نامە ئەمانەن: خێزانی و دۆستایەتییەکان، کە لە میانی خزم و برادەراندایە، (ئێمە ئەمەمان مەبەستە)، نامە ئاڵوگۆڕکراوەکان، دەستا و دەستەکان (الرسائل المتداوله)، کە بۆ بازرگانی و سەودا کردن بەکار دێت، نامە زانستییەکان، کە خاوەنەکەی توێژینەوەیەك لە بابەتێکی دەست نیشان کراودا دەخاتە روو.

**ریشەی رێزمانیی وشەی نامە:** (لەسەر شێوگی ناوی بەرکار (اسم المفعول) دا هاتووە بە بێژەی (المکتوب)، واتە نووسراو، کۆیەکەی: (مکاتیب)ە، واتە: نامەکان، کە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەنێردرێت).[6] بەهەمان شێوە، وشەی (الرساله) ئاوەڵناوی (مکتوب)ە، کاری رابردووی (کتب)یە، واتە: نووسی، گەردان دەکرێت بۆ کاری رانەبردوو (یکتب)، بۆ کاری فەرمانی (أکتب)، کارەکە تێپەڕە، واتە بەرکاری راستەوخۆ وەردەگرێت، وەکو (راسل)، نامەیەکی بۆ... نووسی، چاوگەکەی (الکتابه)یە.
بەهەمان شێوە، وشەی (الرساله)، کۆکەی (الرسائل، الرسالات)ە، ناوە، واتە: نامەکان، هەروەها لە شێوگی (ترسَّلَ)، واتە نامەکەی داڕشت، (تراسل) یەکێك نامەی لەگەڵ یەکێکی تردا گۆڕییەوە[7].

---

* سورەتی (النمل) و لە ئایەتی (31) سی و یەکەمیندا هاتووە، ئەمە دەقەکەیەتی: (ألا تعلوا علي وأتوني مسلمين)، واتە: خۆتان بە گەورە مەزانن ولێم یاخی مەبن و وەرن موسوڵمان بن (واز لەخۆر پەرستی بهێنن و بەدی هێنەری خۆر و مانگ و ئەستێرە و زەوی و.... هتد، بپەرستن)، بڕوانە تەفسیری ئاسان، بورهان محمد امین ،چ[5]، ل 379.

** بڕوانە کتێبی: شرح ديوان عمرو بن كلثوم التغلبي، شرح و تحقيق الدكتور رحاب عكاوي،ط1،دار الفكر العربي- بيروت، 1996، ص14.

الدعایە*: بانگکردن بۆ هەستان، ئێستا پڕوپاگاندەی پێدەڵێن،(ئەمە دەچێتە بواری هەواڵەوە، کە نامە بەشێکە لێی.)

نامەی هۆنراوەیی، سیمایەكی زەق و روونی قوتابخانەی كلاسیكییە، یان لە قۆناغی كلاسیكییەوە دەست پێدەكات، هەرچەندە ﴿مەولەوی(1806م-1882)﴾ بەسروشت بەسەرئامەدی قوتابخانەی رۆمانتیكی لە هۆنراوەی كوردیدا دادەنرێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی (نامە) لە شیعر و ئەدەبیاتی

رۆمانتیكی كوردیدا نەنووسرێت، ئەوەش بهێنینەوە یاد، وتمان نامە لە بنەڕەتدا بە شێوازی پەخشانێكی رەها دەنووسرێت ، هەروەها لە شیعری میللیشدا دەبینرێت.

لێرەوە (مكتوب)، تاكی (مكاتیب)ە، واتە نامە لەیەكێكەوە بۆ یەكێكی تر دەنێردرێت.

2) **پێناسە و چەمكەكانی نامە**

دیارە نامە ویژدانییەكان، واتە نامەی خۆشەویستی جیاوازە، بە وشەی سۆزدار دەڕازێنرێتەوە. "هەروەها لەم رووەوە (علاء الدین سجادی)، دەڵێت: (نامە) باشترین هۆیە بۆ دەربڕینی كەسێتی و تاكییەتی مرۆڤ و ئارەزووە نهێنییەكانی دەروونی...، كە ئەنووسرێ لەو كاتەدا مرۆڤ هەست ئەكا، كە لە یەكێ زیاتر نایخوێنێتەوە...، نامە بە هەموو جۆرەكانییەوە، هۆیەكە بۆ كردنەوەی دەرگای ئاشنایەتی لە نێوانی نووسەر و خوێنەرەكەیا"(8)

بەم جۆرە نامانە؛ دەوترێت: نامەی داخراو، كە پێچەوانەكەی نامەی كراوەیە، واتە هەموو كەسێك دەتوانێت بیخوێنێتەوە، بۆ نموونە نامەكانی مەولەوی تاووگۆزی.

شێوازی نامە نووسین دوو جۆرە، یەكەمیان: لە شێوازی پەخشاندا دەنووسرێن، ئەمەیان زۆر باوە، چونكە داڕشتنی ئاسانە، هەرچەندە خاڵی نییە لە لایەنی هونەری، ئەمەیان لەناو ئاپوورەی خەڵكدا باوە، دووەمیان نامەی شیعرییە، ئەمە لە میانی شاعیران و نووسەراندا روو دەدات وەكو نامەكانی: (نالی و سالم، مەولەوی (رەهایە)، كەمالی و ناطق...هتد)

3) **قۆناغەكانی دەركەوتنی نامە نووسین و مەبەستە جیاجیاكانی**

(پەیغام): وەڵام، پەیام. (پەیام): دەنگو باسێكە، كە بنێرێ بۆ یەكێك. پەیام، (خبر، نبأ، رسالە، الهام)(9)، ئەمانە بەواتای وەڵام و هەواڵ هاتوون.

گەیاندنی ئەو زانیاریانەیە، كە لە ژێر ئەو ناونیشانانەدا هاتوون، هەموو ئەو ناوونیشانانە لەیەك خاڵی هاوبەشدا كۆ دەبنەوە، ئەویش گەیاندنی پەیامی جۆرا و جۆرە بەلایەنی دووەم، بە مەبەستە جیاجیاكان.

* ف: زێوەری، عەرەبی _ كوردی، مامۆستا زێوەر، ئا، مەحمود زێوەر، چ1، چاپخانەی ئۆفسێتی ژیر، سلێمانی، 2004، ل222.

یەكەم نامە، یان پەیام، دیارە نامە و پەیامی پەروەردگارە، بە هۆی جبرائیلەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت)، بۆ فروستادە و پێغەمبەران (الرسل و الانبیاء)،

ئەوانیش بەدەوری خۆیان گەیاندوویانەتە ئەو نەتەوە و گەل وهۆزانە، كە بۆیان نێردراون، دیارە بە نووسراو نەبووە، بەزارەكی بووە، واتە جبرائیل (سەلامی خوای لەسەر بێت)، بە زارەكی گەیاندوویەتی بە شێوازی كتێبی ئاسمانی وەكو: ﴿زەبور، صُحُف، تەورات (الواح)، (پەیمانی كۆن)، ئینجیل (پەیمانی نوێ)، (قورئانی پیرۆز)﴾،

دواجار نووسراونەتەوە، جۆر و مەبەستی ئاینی بووە، وەکو لە پێشدا وتم: پەیام بەر، یاخود پەیغەمبەر، پەیغام لە زمانی ئاری دا وەکو: ( زمانی هیندی و ئەفغانی و فارسی و کوردی ...هتد، بە واتای نامە هاتووە)، بەزمانی کوردی ( پەیام )یشی پێ دەڵێن، پەیغام بەر و دواجار پێغەمبەر هەردووکی راست و دروستە، واتە ئەو کەسەی نامە دەهێنێت، محمد ( دروودی خوای لێبێت ) پەیغامی، پەیامی خوای هێناوە بۆ خەڵکی ....

کە نێردراوی پەروەردگارە، وەکو سپاردەیەکی پیرۆز لەلایەن پەروەردگارەوە، گەیشتووەتە ئەوانەی کەمەبەست بوونە. لە قورئانی پیرۆزدا( 6 ) شەش جار ئەم زاراوەیە هاتووە؛* پێنج جار لە شێوگی ناوی کۆ دا هاتووە، (رسالات)، یەك جار بەتاك هاتووە، (رسالە) ، دیارە نامەی نووسراو بە دۆزینەوەی نووسین هاتۆتە تۆمار کردن، قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ پەرەسەندنی ژیریی مرۆڤدا، ئەویش پەرەی سەندووە و گەشەی کردووە، بەمەبەستی جیاجیا نووسراوە، ئەمە لە ئەنجامی پشکنیندا دەرکەوتووە.

**مەبەستەکان، یان جۆرەکانی نامە:**

1 ) کەسێتی/ خۆشەویستی، گشتی.

2 ) مێژوویی:أ ) دوژمنایەتی، ب ) گاڵتەوگەپ، ج ) داشۆڕین، د ) ئازایەتی و جەربەزەیی.

3 ) نامەی پێش مردن ﴿ راسپاردە، وەسیەت ( الوصیە )،( Will )﴾.

4 ) نامەی فەرمی ( لە لایەن سەرۆك و فەرماندەکاندا بۆ هاوشانانی خۆیان، یان لە خۆیان خوارتر ).

**نموونەی نامەکان: أ ) نامەی حەزرەتی سولەیمان ( سەلامی خوای لەسەر بێت )، بۆ بەلقیسی شاژنی ( سبأ ).**

**نامەکە بەم شێوازە دەست پێدەکات و دەڵێت:**

{اذْهَب بِّكِتَابِي هَذَا فَأَلْقِهْ إِلَيْهِمْ ثُمَّ تَوَلَّ عَنْهُمْ فَانظُرْ مَاذَا يَرْجِعُونَ {28} قَالَتْ يَا أَيُّهَا المَلَأُ إِنِّي أُلْقِيَ إِلَيَّ كِتَابٌ كَرِيمٌ{29} إِنَّهُ مِن سُلَيْمَانَ وَإِنَّهُ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ{30} أَلَّا تَعْلُوا عَلَيَّ وَأْتُونِي مُسْلِمِينَ{31} ، سورەتی ( النمل ).

* لەم سورەت و ئایەتانەی بەرامبەریاندا بە زنجیرە هاتوون: الاعراف ( 62 ) شەست و دوو، ( 68 ) شەست و هەشت، ( 79 ) حەفتا و نۆ، لە شێوەی تاکدا هاتووە، ( 93 ) نەوەت وسێ، لە شێوەی کۆدا هاتوو، الاحزاب، ( 39 ) سی و نۆ، الجن، ( 28 ) بیست و هەشت.

( ئەوسا سولەیمان نامەیەکی نووسی و دای بە پەپوو، فەرمانی پێدا، کە : برۆ ئەم نامەیە ببە و ( لە شوێنێکی بەرچاودا ) بۆیان فڕێ بدە و پاشان ( لە پەنایەکدا ) خۆت حەشار بدە و بزانە دەڵێن چی و چی باس و خواسێك دەکەن. ( شاژن هات و نامەی بینی و خوێندییەوە، پاشان وەزیران و ئەنجومەنەکەی خۆی کۆکردەوە و )

وتی: ئەی رێزداران، بەڕاستی من نامەیەکی پیرۆز و بەڕێزم بۆ دانراوە. نامەکە لە سولەیمانەوەیە و بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبانەوە ( دەست پێدەکات و دەڵێت ): خۆتان بەگەورە مەزانن لێم یاخی مەبن و وەرن موسڵمان بن ( واز لە خۆرپەرستی بهێنن و بەدیهێنەری خۆر و مانگ و ئەستێرە و زەوی و... هتد، بپەرستن ) *

**بەشی یەکەم:**

**تەوەری سێیەم**

**ب ) نامەبانگێشکردنەکانی پێغەمبەر( د.خ ) :**

هەرچەندە نامەکانی پێغەمبەر (د.خ) نامەی کەسین، بەڵام بۆ پادشاو فەرمان ڕەواکان بووە، سەرانی ئەو خەڵکانە بوونە، کە فەرمان ڕەواییان کردوون، نامەکان بانگێش کردنە بۆ ئایینی نوێ و پیرۆزی ئیسلام، نامەی کەسی و تایبەتین، نەك بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتی: نەك بۆ بەرژەوەندیی کەسیی پێغەمبەر (د.خ).

ئەم نامانە لە کۆتایی ساڵی شەشەمی (بیعسەت) نووسراون، کاتێ پێغەمبەر (د.خ) لە (حدیبیە) گەڕایەوە. دەبوایە ئەو نامانە مۆریان لەسەر بوایە، چونکە ئەوان نامەی بێ مۆریان نەدەخوێندەوە، ئەویش مۆرێکی لەزیو دروست کرد، عیبارەتی ( محمد رسول الله )ی لەسەر بوو. ئەوانەی نامەی بۆ ناردن زۆر نەبوون، گرنگەکانیان ئەمانە بوون: (کسرای فارس)، (قەیسەری ڕۆم)، (مونزیری کوڕی ساوا)، (هەمزەی کوڕی عەلی)، پادشای عومان.....).

نموونەی نامەیەك، کە بۆ کیسرا ناردوویەتی دەخەینە ڕوو، کە ئەمە دەقەکەیەتی: (بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، لە محەممەدی فروستادەی خوا بۆ کیسرا، گەورەی فارس، سەلام لەسەر ئەوە بێت شوێنی ڕێنمایی خوا (هیدایەت) دەکەوێت، باوەڕی بە خواو پێغەمبەر هەیە، گەواهی دەدات، کە خوایەکی تر نییە، جگە لە خوای پەروەردگار نەبێت، کە بێ هاوبەشە، محەممەد بەندە و فروستادەیەتی، بانگهێشتت دەکەم، بە بانگ کردنی خوا، من فروستادەی خوام بۆ هەموو ئادەمیزاد، ئەم بانگێشە هەڕەشە لەوانە دەکات، کە زیندوون، وتە و فەرمانی خوا، کە ڕەوایە،

* سورەتی النمل، ئایەتەکانی (28، 29، 30، 31)، بڕوانە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، بورهان محمد امین، چ5، ل379.

بچەسپێ بەسەر ئەوانەی کە بێ باوەڕ (کافر)ن، ئیسلام سەلامەت دەبێت، گەر ڕێگری و بەرهەڵستکاری بکەیت، ئاوا تاوانی مەجووسەکان لە ئەستۆی تۆیە.) نامەکان هەڕەشەی خوایین، هیچ نەرم کاری تێدا نییە، لە بنەمای بەهێز و باوەڕەوە نێردراون، دەسەڵاتی دونیایی بە پێی نامەکان لاواز و کاتی و لەرزۆك بووە. نامەکان هیچ مەرامێك و بەرژەوەندیی کەسی تێیاندا نییە.

**بەشی دووەم**

**دەرکەوتنی نامە نووسین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا**

تاوەکو ئێستا سەرچاوەکان نەیانتوانیووە بۆ سەرەتای نامە نووسین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا مێژوویەك دەست نیشان کەن، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە لە رووی چینایەتییەوە، کۆمەڵگەیەکی هۆزایەتی، دەرەبەگایەتی بووە، لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی چینایەتی دامەزراوە، هەروەها کۆمەڵگەیەکی داخراو بووە بە هۆی هەڵکەوتووی سەختی جوگرافییەکەیەوە، ئەگەر دانە دانەیەك خوێندەوار و نووسەر بە هۆی هەوڵ و کۆششی خۆیەوە فێر بووبێ، ئەوا لەشوێنێکی قەتیس کراودا گیری خواردووە، شێوازی نامە نووسینی نەزانیوە، ئاگاداری شێوازی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی نەبووە،

چونکە کوردستان خاوەن کیانی سیاسی خۆی نەبووە، پەیوەندی رۆشنبیری زۆر کز بووە، ئەویش بەزمانی عەرەبی بووە، کە زمانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرە (د.خ)، نووسینەکانی زانایانی ئیسلامی بوون، شان بەشانی زمانی عەرەبی، ناوە ناوە زمانی فارسی خوێنراوە، فارسییەك؛ ئاوازەکەی، گۆیەکەی تێکەڵ بە ئاواز و گۆی زمانی کوردی بووە، لە هۆنراوەکانی سەعدی شیرازی (سەدەی حەوتەمی کۆچی مانگی)دا و حافزی شیرازی (سەدەی هەشتەمی کۆچی مانگی)دا خۆی بینیوەتەوە، زیاتر بریتی بووە لە هۆنراوەی ئایینی، واتە عیرفانی، دانش (فەلسەفە) و هزری. شاعیری نەتەوەیی و

پێشكەوتن خوازی كورد، حاجی قادری كۆیی (1815م-1892م) زوو دەركی بەم قەتیس بوونە كردووە و زۆر لۆمەی كوردان دەكات لەم رووەوە و دەڵێت:

یەكتان نەچوونە گەردش، وا تێدەگەن لە دنیا

هەر پادشاهی رۆمە و شاهی عەجەم لە تاران

بۆ فەننی حەرب و صەنعەت، بۆ ضە بط و رە بطی میللەت

دەینێرنە ئەوروپا گەورە و بچووكی خۆیان [10]

لەم دوو دێڕە هۆنراوەدا، حاجی دەرك و پەی بردووە بە جیاوازی بە ئاگابوون و وریایی گەلان لە چاو گەلی كورددا لە رووی پێوەندییەكانی دەرەوە و سوود وەرگرتن لە بوارەكانی پێشكەوتنیان، لەوانە: بواری ئەدەب و هونەری نووسینە، كە نامە یەكێكە لەم هونەرانە؛ دیارە نامە نووسین و گۆڕینەوەی هەر لە میانی خان و ئاغا و بەگ و مەلا و شێخەكاندا بووە، واتە: (چینی بالاّ)؛ ئەوانیش یان میرزایان بووە، یان لە حوجرە و خانەقادا فێری خوێندن و نووسین بوونە بە شێوە باوەكەی. بە زمانی عەرەبی و فارسی بووە. ئەمیش زیاتر لە (سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم) دا بووە، زمانی كوردی بە زمانێكی لاوەكی دانراوە، تەنها بۆ ئەنجامدانی ئاخاوتن بەكار هێنراوە، بگرە نووسینی كاروباری ئایینی بە زمانی كوردی نەبووە؛ بۆ نموونە بە گوێدادان (تەلقین)ی مردووان بە زمانی كوردی بە جۆرە گوناحێك لەقەڵەم دراوە!!

هەروەها كزی هەست و سەر بەو (انتماء)ی تاكی كورد بۆ بنەماكانی نەتەوەیی، كە زمان یەكێكە لەوانە، گەر كورد لە مێژووە ئەوەی بزانیبا، كە دوژمن وڵاتی داگیر دەكات یەكەم جار قەدەغەی زمانەكەی لێ دەكات، ناهێڵێت رۆڵەكانی لە مێژووی گەلەكەیان

بە ئاگابن؛ وەكو داگیر كردنی وڵاتی جەزائیر لەلایەن فەرەنسییەكانەوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، زمانی زگماكیان قەدەغە كرد، كە زمانی عەرەبی بوو، ئەكەوتە خۆیی و پلانی پێویستی بۆ دادەڕشت.

لەم رووەوە علاء الدین سجّادی دەڵێت: (زانایان لەسەر ئەوە پێك هاتوون، كە نامە نووسین لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم دا، لەبەر ئەوە، كە ئەوروپاشی هاتە سەر، گەیشتۆتە چلە پۆپە.) [11]، دیارە گەلی كوردیش لە نامە نووسین دا دەكەوێتە نێو ئەم بازنەوەوە، هەرچەندە بە زمانی خۆی نەینووسیوە، بەڵام نامە نووسین بەمەبەستی ئایینی لە (سەدەی نۆزدەیەم)دا هاتە كایەوە، بڕوانە یادی مەردان* و (مەكتووباتی كاك ئەحمەدی شێخ)**، كە نووسینیان زیاتر بە زمانی عەرەبی و فارسی بووە.

---

* یادی مەردان، بەرگی یەكەم، مەولانا خالیدی نەقشەبەندی، مەلا عبدالكریمی مدرس، چ1، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد بەغدا، 1979، ل151 – 428.

** مەكتووباتی كاك ئەحمەدی شێخ، ب1، مەلا عبدالكریمی مدرس، چاپخانەی (الحوادث)، 1984م ، 1991، ل7-1179.

**بەشی دووەم:**

**تەوەری دووەم: زمانی نامە نووسین،**

وتمان زمان بەشێكی گرنگی شێوازە، كەواتە زمان مرۆڤەكەیە، یان نووسەر و ئاخێوەرەكەیە، تان و پۆی هەموو نووسینێكە، پەخشان بێت بە هەموو جۆرەكانییەوە، كە لە پێشدا باسمان كرد، قاڵبی گشتیی هونەری، هۆنراوە بێ: ستوونی، ئازاد، یان زمانی پرۆگرامەكانی خوێندن بێ.

ئەو گۆڕانكاریانەی، كەبەسەر بوارەكانی ژیاندا هاتووە، وەكو كۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، فەرهەنگی، ئابووری، هونەری، ...هتد، بەسەر بواری نووسینیشدا هاتووە، كە زمان بەشێكی گرنگە لێی، بەمە زمانی كوردیش وەكو زمانەكانی تری جیهان بەر ئەم گەشەكردن و پەرەسەندنە كەوتووە، نامە نووسینیش، تاكە میدیا و رایەڵە و هۆی گەیاندنی كارا بووە بە هەموو جۆرەكانییەوە، بەر ئەم گۆڕانكارییە كەوتووە. زمانی نامە نووسینی كوردی هەتا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم، بە زمانی عەرەبی، فارسی، توركی بووە، ئێستا بواری ئەوە نییە نموونە بخەمە بەردەست. لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا، نامە بە زمانی كوردی هاتە نووسین، بەڵام چ زمانێك، دیارە تێكەڵ بە وشەی زمانەكانی دەوروبەر بووە، عەرەبی، فارسی، توركی، ئەمە بە سەرەتایەكی گرنگ دادەنرێت بۆ بە كوردی كردن و پاكتاو و پاراو كردنی ئەم جۆرە نووسینە.

**بەشی دووەم**

**تەوەری سێیەم: دەركەوتنی نامەی شیعری (چامە) لە ئەدەبی كوردیدا**

لە پێشدا وتمان، نامە بە دوو شێوە نووسراوە، شێوەی پەخشان و شێوەی شیعر، ئیتر كامیان پێش كامیان كەوتووە، ئەمەیان گرنگ نییە، گرنگ دەركەوتنی هونەری نامە نووسینە، بەڵام زۆرینەی نامە نووسین؛ شێوەی پەخشانە، واتە نامە نووسین بەشێكە لە پەخشان، ئیتر زمانەكە ئاسایی بێت، یان ئەدەبی بێت، من پێم وایە شاعیر، گەر مەلا بوویێت تەنها ئاخاوتنی رۆژانە و وانەوتنەوەی بەفەقێیان بە پەخشان بووە، بەڵام نموونەی شیعری بە زمانی فارسی و عەرەبی بۆ بەهێز كردنی لێكدانەوەكەی هێناوەتەوە.

بەداخەوە لەبەر ئەوەی لێكدانەوە لە كتێبەكانی حوجرەدا بە زمانی عەرەبی بووە، بە فارسی زۆركەم بووە؛ زیاتر شیعرەكانی سعدی و حافزی شیرازی بووە، بۆیە نموونەی شیعری بە زمانی كوردی نەبووە؛ گەر بوویێتیش زۆر كەم و دەگمەن بووە، زیاتر لە پەندی پێشینان و بەشی دیكەی زمانی فۆلكلۆر بووە، ژیان بەم شێوەیە ئاڵۆز نەبووە، كاتی باش بەدەستەوە بووە، بۆیە مەلاكان بۆ دەرخستنی توانا و شەڕە شیعر و بۆ رازاندنەوەی نامەكان بە هۆنراو هۆنیویانەتەوە.

شیعر لای ئەوان ئاسان تر و خۆشتر بووە بووە تا پەخشان، یان بە ئاوازتر بووە لایان، لە بەر (تفعیلە) و مۆسیقای ناوەوە و دەرەوە و سەروا جیاجیاكان و هۆی تریش، كە لە سەرەوەدا هاتووە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت نامە نووسین بە پەخشان نەبووە، شیعر لە پێشدا بووە، كەمە كەمە پەخشان جێی گرتۆتەوە. هەرچەندە زمانی شیعری گرنگیی هەبووە لای مەلاكان، چونكە وەكو وتمان جۆرە ناسنامەیەكی دەرخستنی توانایان بووە، بەڵام شیعر تاسەر نەیتوانی تاكە سوڵتان و پاشا بێ.

ئەو گۆڕانكارییانەی لەو قوتابخانە و رێباز و شەپۆل و تەوژمە شیعرییانەی ئەوروپا دەركەوتن؛ لە پرۆسەی نوێگەرییەوە خۆیان دەبینییەوە، لە پێشدا بە یاسا و رێسا و بنەما شیعرییەكان، لە كێش (تفعیلە)ی دەریا عەرووزییەكان و هەردوو مۆسیقای ناوەوە و دەرەوەی بەیتەكاندا خۆیان دەبینییەوە كۆت دەكرا، هەروەها تا دەهات فشار دەخرایە سەر ئاواز و ریتم و بەرەو كاڵبوونەوە دەچوو، لایەنی پەخشانی، تا دەهات بەهێز دەبوو، بۆیە چامەی شیعری كوردی خۆی لە نیوەی

دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دا لە پۆپەدا بینی. نموونەی زەقمان. هەردوو چامەکەی (نالی و سالم)ە، جگە لە چامەکانی مەولەوی کەلە هەمان سەدەدا داڕێژراوە، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت لە سەدەی بیستەمدا چامەی شیعری نەمابێت، بەلّکو چەندین شاعیر نامەی شیعرییان ئالوگۆڕ کردووە، بۆ نموونە: ﴿ئەمین فەیزی بەگ (1860م-1928م) و شێخ رەزای تالّەبانی (1837م-1910م)، (دوانزە نامەی شیعرییان ئالّو گۆڕ کردووە.﴾ [12] نموونەی ئەم چامەیە دەخەمە روو؛ شێخ رەزا دەلّێت:

بەغیرەز میهری تۆ گەر بێ لەدلّما

زرەی زنجیری زالّم بێ لە ملما ل 41

کە تەشریفی شەریفی هات ئەمین فەیزی بە میوانی

لەعوهدەی شوکری دەرناچم مەگەر خۆم کەم بە قوربانی

بە خاتەم گەر سولە یمانی دەکرد وەك من ئەمین کەی بوو

نگینی من ئەمینیشە لەسای فەیزی سلێمانی ل 142

وەلاّمی ئەمین فەیزی:

دلّ لەعەشق و دەردی دووری تۆ خەریکی بیانووە

مەوسیمی بۆس و کەناری نێو چەوان و زانووە

عەینی داری گەندەلّە جەستەم لەبەر ناری فیراق

بۆ سەعاتی دیدەنیت پڕ سکلّە هەروەك کوانووە

بالە کەعبەش بم دلّم هەر مائیلی بتخانەیە

بۆ بۆنی رووت مورغ ئاسا چاوەچاوی دانووە

تەعنی ناهەق نا رەوایە وام لەسەر عەهدی قەدیم

والەکن تۆ و تۆی تیا، دلّ ئێکە نەم دۆڕاندووە

من لە فەیزی تۆوەیە بەم میحنەتەش هێشتا رەزام

بۆتە سەربارم گلەت جەرگ و دلّی برژاندووە ل 146 ،ل 147

ئەوەی شایەنی باسە، ئەمین فەیزی بەگ شیعری بە تورکی بۆ شێخ رەزا نووسیوە، چونکە شێخ رەزا زۆر بالاّدەست بووە لە زمانی تورکیدا، بەزمان و بە شیعریش، شیعرە بالاّکانی بەم زمانە بەلّگەی راستی ئەم روونکردنەوەیەن.

لە وەلاّمی شێخ رەزادا، ئەمین فەیزی لە چوارینەیەکدا[13]، کە بە زمانی تورکی هۆنیویەتەوە، خراوەتە روو، ئەمە چوارینەکەیە:

واصلْ اولْدی دەستمە اشعار کز

پك گوزلْد طوغریسی افکار سز

غرق نور مفخرت اولدق اوگون

چۆق شکر بو عبد بی مقدار کز ل148

واتا: شیعرەکانتان گەیشتە دەستم، بیرەکانتان لە راستیدا زۆر جوانن، ئیمڕۆ نوقمی رووناکی سازانی بووین، زۆر سوپاس لە بەندەوە، سوپاسێکی بێ پایان.

نامەکانی مەولەوی ئەوەندە بەرز و بەهێزن دەکرێت نەك توێژینەوە، بەڵکو نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای لە سەر بنووسیت، چونکە لە شێوازێکی رۆمانسییەت وتێکەڵ بە ریالیزمێکی راست و رووداو دایڕشتووە، شێوازێکی پڕ سۆز و نزا ئامێز بە هیوای شیفا و گەیشتن بە ئاوات و ئارەزووەکان.

**نموونەی نامەی شیعری (چامە)ی: (نالی و سالم):**

**مێژووی ژیانی ﴿نالی (1797 م – 1855م)﴾**

ناوی خدر (خضر)ە و کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئاڵی بەگی مکایەڵییە، لە گوندی (خاك و خۆڵ)، لەدەشتی شارەزوور هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی ئایینی تەواو کردووە و مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، بە پێی دیوانەکەیان نالی گیرۆدەی خۆشەویستیی (حەبیبە) ناوێك بووە و خواستوویەتی.

نالی شاعیرێکی هەڵکەوتوو بووە، ئەو رەوانبێژی زمانی عەرەبی هێنایە ناو هۆنراوەی کوردی، کاریگەر بووە بە ئەدەبییاتی فارسی، هونەرەکانی شیعری؛ وەکو (ملمع، مسمط، ترکیب بەند ... هتد) هێنایە ناو هۆنراوەی کوردییەوە. بە پێشەنگ و دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەدەبی شیعری بابان دادەنرێت، شیعری غەزەلیات و (قصائد)ی زۆرە، چامەکەی (نامە شیعرییەکەی) لەگەڵ (سالم)دا زۆر بەناوبانگە. نیشتمان پەروەر بووە نوێگەر بووە، زیرەك و لێهاتوو بووە.

**مێژووی ژیانی ﴿سالمی ساحێبقڕان (1800م – 1866م)﴾**

ناوی تەواوی عبدالرحمان بەگی کوڕی محمد بەگی قەرە جەهەننەمی کوڕی احمد بەگە لە بنەماڵەی ساحیبقڕانە و ئامۆزای (کوردی) شاعیرە، لە مزگەوتدا خوێندوویەتی، تەواوی نەکردووە، زۆر دڵی بەئەدەب و شیعر گەشاوەتەوە، زۆرترین کاتی خۆی بە خوێندنەوەی هۆنراوە و ژیاننامەی شاعیران بەسەر بردووە، کاریگەرێتی نالی زۆر لەسەر بووە، زیاد لە نازناوێکی شیعری هەڵگرتووە، بۆ نموونە (رەنجوور)، بەڵام دواجار بووە بە (سالم)، واتە: تەندروست، وەکو رووبەڕوو بوونەوەیەك لەگەڵ نەخۆشیدا، چونکە زۆربەی ژیانی نەخۆش بووە، بە پێی بیروباوەڕی گێوی موکریانی لەناو چوونی میرنشینی بابان لەلایەن داگیرکەرانی عوسمانی، بووەتە هۆی ئەوەی ئاگری دڵ و دەروونی جۆش داوە و خستوویەتە فەزای شاعیرییەت، هەڵبەستە نیشتمانی و نەتەوەییە ئاگراوییەکانی گرنگترین بەڵگەن بۆ ئەم مەبەستە، لە ژیانی دڵدارێتیدا، دەڵێن: حەزی لە کچێکی خزمی خۆیان کردووە بەناوی (بەهێ)وە، بەڵام بەخوێندنەوەیەکی تێڕامانی و شیعری، دەردەکەوێت زیاتر عاشقی نیشتمان، کە کوردستان بووە.

زمانی کوردی شیعری کلاسیکی مۆسیقاداری زۆر باش زانیووە، تێکەڵ بە زمانی (وشە)ی فارسی وعەرەبی و تاك تاك تورکیشی کردووە، بەڵام ئاوازە کوردییەکەی بەسەریاندا زاڵ بووە. چامەکەی (هۆنراوە شیعرییەکەی) لەگەڵ نالیدا، (غەزەل) و (قصیدە) کانی گەواهی راستی شاعیرێتی باڵا بۆ ئەم شاعیرە مەزنە دەدەن.

نموونەی چامەی شیعری نالی بۆ سالم، کە پێش نامە شیعرییەکانی شێخ رەزا و ئەمین فەیزی و کەسانی تر کەوتووە، هۆکارەکەیشی دەر بە دەریی نالی و دەست بەسەریی سالم بووە، لە دوو شاکاری نامەی شیعری (چامە)دا

دەرکەوتووە، کەباس لە بارووددۆخی سلێمانی و دەوروبەری دەکات؛ دوای رووخاندنی میرنشینی بابان و داگیر کردنەوەی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە و نەهامەتییەکانی دوای رووخاندن و کاریگەریی لەسەر هەردووکیان ودەرخستنی دەردی دڵیان، چونکە هەردوو دوور لە وڵات بوونە، نەیان توانیووە بگەڕێنەوە و ئەو کارەساتە لە نزیکەوە ببینن. نالی دەڵێت: (14)

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور!

ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری (شارەزوور) ل 174

داخڵ نەبی بەعەنبەری سارایی (خاك و خۆڵ)

هەتا نەکەی بەخاکی (سولە یمانی)یا عوبوور ل 181

داخو دەروونی سافە، گوڕەی ماوە تا نجەرۆ

یاخو ئەسیری خاکە بەلێڵی دەکا عوبوور! ل188

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە

دڵ ڕەنگە بێ بەئاوو بە چاوا بکا عوبوور ! ل 197

وەڵامی سالمی ساحێبقران:

جانەم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر

وەی پەیکی شارەزا لە هەموو راهی پڕخەتەر ل 66

بۆ موڵکی (شامە) نامەیی من سویی (نالی) یە

هەرحەرفی ئەو لەوضعی ولایەت دەدا خەبەر

سوتا دڵم بەحاڵەتی جۆباری (سەرچنار)

لێڵاوە چەشمەساری، وەکو چاوی بێ بەصەر ل 67

ئەوسا مەکانی ئاسکە بوو (کانی ئاسکان)

ئێستە لەدەنگ و نەعرەیی رۆمییە پڕە لەکەر (15) ل 68

## بەشەکانی پەخشان

﴿بە پێی باوەڕی ئەوروپییەکان: ئەو بەشە گرنگانەی پەخشان لەسەر دانانی ئەوروپییەکان؛ چوارن: (مێژوو، چیرۆك، زمان پاراوی (فەصاحەت)، نامەکاری﴾ (16)

﴿(لای کورد: لەسەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا...، لە پەخشاندا، گەلێ بەرهەمی تازە و لە ژێرناوی تازەدا هاتە مەیدانەوە. وەکو: وتار، نامە، دووان (خطابة)، جۆرە چیرۆکی تر، شانۆگەری، گفت وگۆ، وتووێر: ﴿(قسەی ناو خەڵك)، ف.ە. بۆرینە،...،ل907، گەشت نامە)﴾ (17)

ڕەگەز و ژانرە ئەدەبییەکان؛ زیاتر نووسین، ڕەهەندی جیا جیایان لێ دەکەوێتەوە، دیارە، مەبەستمان ڕەهەندی واتاییە، چونکە کاری ئەدەبی پێوەندە بەهزر و سۆز و گیان و ناخ، بەمەبەستی کاریگەریی زیاتر، یەکێك لەو ژانرانە، هونەری نامە نووسینە، کە دەربڕینێکی ناخییە، نووسەری نامەکە لەسەر بنەمای ئەوە دەینووسێ، کە کەسی دووەم

دەیخوێنێتەوە و کاریگەری هەمە جۆری لێ دەکەوێتەوە، هێزی قایل بوونی تێدایە، نووسین دەرفەتی ئەوە دەرەخسێنێت، کە دەربڕین بەهێز بێت، ورد بێت، کاریگەری زۆرتر بێت، رەهەندی بەهێزی لێ بکەوێتەوە.

**رەهەندەکانی**

رەهەندی دەروونی، زیاتر لەنامە کەسییەکاندا دەردەکەوێت، چونکە کەسی یەکەم، کە نامە نووسە، هەوڵ دەدات چی لە ناخی دایە بە شێوازێکی ئەدەبیی کاریگەر بیخاتە سەر نامە، کە بۆ کەسی دووەمە، مەبەستەکانی بە وردی و بەتەواوی بگەیەنێت، چونکە ناتوانێت رووبەروو بیبینێت، هەروەها نووسین لە رووبەروو بوونەوە بەهێزترە، دەرفەتی زۆرترە، هۆکاری دەروونیی روو بە روو شت لەبیر دەباتەوە، پەیامەکە بەتەواوی ناگات، خوێنەر کاتێ نامەکە دەخوێنێتەوە، وێنەی کەسەکە لە خەیاڵیدا دەچەسپێت، ئەوەندەی تر پێبەست بەنامەکەوە دەبێت، لە دەروونیدا زۆرتر کراوە دەبێت، دەرفەتی زیاتر بۆ دەرەخسێت، نامە کەسییەکان بەهێزی و خاوێنیان زیاتر تێدایە.

لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، وەکو لە پێشدا روونمان کردەوە، پێوەندییەکان بەهێز دەکات، خەڵکی پڕ هەواڵ و ئاگاداری دەبن و زیاتر حەزدەکەن لە هەواڵی یەکتر بە ئاگابن. کۆی کەسەکان کۆمەڵگە پێك دەهێنن، گەر کەسەکان پێوەندییان بەهێزبێ و بەردەوام بێ؛ ئەوا وڵات، کە بریتییە لەنەتەوە و خاك؛ بەهێز و یەکگرتوو دەبێت، بەرەو ژیانێکی ئارام و پێشکەوتوو هەنگاو دەنێت، دەبێت هاندەر بێت بۆ ئەم حاڵەتە، چونکە زۆر گرنگە، دیارە لە هەموو رەگەزەکانی ئەدەبدا لایەنی ویژدانی بەهێزترین لایەنە، نامەی ویژدانی، یان خۆشەویستی راستترین و بەسۆزترین و بەهێزترین رەهەندی خۆشەویستی ئاراستە دەکات، تەمەنی لە رەهەندەکانی تر درێژترە، چونکە هەر جارێك چاو بەو نامانە بکەوێت، هەمان کاریگەریی جاران لە دڵ و دەروون و رۆح و هزر دا تۆمار دەکات، یان بەجێ دەهێڵێت، لە کۆتاییدا نامە و هونەری نووسینی، یان داڕشتنی؛ ژانرێکی ئەدەبیی بە هێزە و هۆکارێکی بەهێزی پێوەندیی کەسی و کۆمەڵایەتییە.

**بەشی سێیەم**

**تەوەری یەکەم: مەولەوی و نامەی شیعری**

نامە بەتایبەت لەو رۆژگارەدا هۆکارێکی بەهێزی راگەیاندن بووە، ئەوسا و ئێستاش بریتی بووە لەهەواڵ گەیاندن و هەواڵ پرسین و نزاکردن و پاڕانەوە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر بە زمانێکی پەخشانی، یان شیعری پڕ لە سۆز و ئاواز و گوداز لە چەشنی نامە شیعرییەکانی مەولەوی، کە ئەوەندە بەرز و بەهێزن هەرکاتێك دەیخوێنیتەوە، گیانی ئەو رۆژگارەی دێتەوە بەردا، ئەوەی نامەکەی بۆ رۆیشتووە، گەر زیندوو ببێتەوە، هەمان هەستی ئەو کاتەی لا دروست دەبێت! چونکە مەولەوی پیاوێکی خوایی باوەڕ پتەو و راست گۆ بووە لەگەڵ دۆست و برادەرانیدا، نامەکانی تەنها دەربڕی سۆزێکی خوایی راستی بووە، هیچ مەرامێکی دونیایی لە بەرامبەردا نەبووە، هەرچەندە دەسەڵاتدار بوونە، وەکو شێخانی نەقشبەندیی بیارە و تەوێڵە و شێخانی تر، کە خاوەن خانەقا و تەکیەن، خاوەن رێبازن، بەگ وپاشاکانی جاف و سەرخێڵانی تر، خاوەن دەسەڵات و موڵك بوون، پیاو ماقوڵانی ئەو سەردەمە، دۆستی گیانی بە گیانی بوون، نامە ناردن لەو رۆژگارەدا ئاسان نەبووە، کەمی زەلامی چاپوك، سەختی رێگا و بان، رێگر و جەردە و دەعبا و جانەوەر، دژواریی کەش و هەوا، لەکۆی ئەمانەدا دژواریی هاتووچۆ، کەمی نەخوێندەوار، هەتا کاغەز و پێنووس و لیقەی نووسین (مرەکەب)، بەڵام ویستی بە سۆز و خۆشەویستی و راست گۆیی و بەسەر کردنەوە، هەموو ئەم لەمپەرانەی راماڵیوە، نامەکانی بە شیعری رۆمانسی پڕ لە ئەندێشەی بەرز و سۆزی سۆفیگەرایی و بە شێوەزاری گۆڤەرەی هەورامیی پڕ لە ئاوازی مۆسیقیی ناسك و هەڵقوڵاوی ئەو

سروشتە دڵفڕێنەی هەورامانە و سۆزی تەریقەتی نەقشبەندی دایڕشتوون، یەكێك بووە لە مورید و مەنسوب و سۆفییە پایە بەرزەكانی ئەو ڕێبازە، ئەمانە هەموو هۆكاری تریش بوون بۆ ئەوەی خاوەن نامەكان بە چاوی دڵ و لە سارای گوڵزاری روح و لە جیهانی مەعنەوییاتەوە بڕواننە دڵی پڕ بەهای مەعنەوی و دڵسۆزیی مەولەوی؛ نامە بنێرن بە هیوای ئەوەی نامەی پڕ سۆز و ڕۆح بێدار و هەتوانی بڕینی دووری و مەحەببەت بنێرێ بۆیان.

مەولەوی لە پۆپەی بە كوڵ و جۆشی دڵیدا، لە خەیاڵی ڕۆمانسیی بەرزەفڕدا، كە هەوێنی ڕاستییەكی بێ گەرد و كەم وێنەیە، هەروەها نێرەر دڵنیا بووە، هەر كە نامەكەی بەدەستی گەیشتبێ، وەڵامێكی بەهێز تر و بەسۆز تری بۆ دەنێرێت، نامە نێرەران و وەرگران لە هەردوو حاڵەتدا بەهێزی دوو ئیلهام ئەو نامانەیان داڕشتووە و خوێندۆتەوە، كە نامەكە بۆ مەولەوییە و وەڵام لە مەولەوییەوە دێت، هەر لەو سەردەمەدا نامە شیعرییە (چامە) بەناوبانگەكەی (نالی و سالم) نووسراوە، زیاتر دوونامەی سیاسی، كۆمەڵایەتیی ئامێزن، هەرچەندە بە شیعر و لە پایەیەكی هونەری بەرزدا هۆنراونەتەوە، بەڵام بە هەموو پایەكانیانەوە، زیاتر لە شێواز و دەربڕیندا ناگەنە پایەی ئەو، چونكە سروشت و بنیادی سۆزی و ڕۆحی و هزری هەمیشەیی؛ هەروا بووە، خۆی دەڵێت: من هەمیشە مەولەویم.

بۆیە نامە شیعرییەكانی پایەیەكی چەند باڵایان لە ئاسمان و فەزای ڕەنگین و بێ كۆتایی ئەدەبیاتی كوردیدا هەیە، بە تایبەت شیعری؛ سەرچاوەی بە پێز و بەتینن بۆ ڕامان و هەڵوەستە لەسەر كردن و لێكۆڵینەوە و توێژینەوە و شیكار كردنی. چونكە پێگەی ئەدەبی، شیعریی مەولەوی زۆر بەرز و بە توانا و چەسپیوە، نەك لەم بوارەدا و لەزمانی كوردیدا و لە گۆڤەرەی (گۆران – هەورامی)دا، بگرە لە زمانی عەرەبیدا زۆر باڵا دەست بووە، دانراوی (العقيدة المرضية)یی گەواهی بەهێزی ئەم بۆچوونەیە، كە بنەمایەكی بەهێزی زانستی باوەڕەكانە (علم العقائد)ە، ئەوە ماوە بڵێم: گرنگی نامە شیعرییەكانی سنوورو فەزایەكی زۆر فراوان دەگرێتەوە، تەنێكی گەورە لە ئامێز دەگرێت، كاریگەرییەكی پڕ لە ڕاستی و سۆزی ئەدەبی و مرۆڤایەتی بەجێ هێشتووە و دەهێڵێت.

**دووەم/ زمانی شیعریی نامەكانی؛ بە نموونەی ژمارەیەك لەو نامانە و شیكردنەوەیان**

مەولەوی دوو شێوەزاری زمانی كوردی بەتەواوی زانیوە، یەكێكیان شێوەزاری كرمانجی ناوەڕاست بەزاراوە گۆڤەرەییەكەیەوە، كە پێی دەڵێن: شێوەزاری لقیی جافی، چونكە ئەوبەری، كەناری ڕووباری سیروان، ناوچەی شەمێران و بناری بەمۆ، بەم شێوەزارە دەئاخێون، خۆی خەڵكی دێی سەرشاتەی تاووگۆزییە، كە هۆز و بنەماڵەی ساداتن، مەولەوی لە بنەماڵەیەكی سادات و زانا و سۆفی ئەو هۆزەن. سەرشاتە مەڵبەندی ئەو سەیدانەیە، گۆڕی مەولەوی لەوێیە، لە پشتی زمناكۆیە و سەر بەناوچەی شەمێران و ناحیەی بەمۆیە، دێی گڵێجاڵ مەركەزی ناحییەكەیە، شێوەزاری دووەم (گۆران ، هەورامی)یە، مەولەوی چۆن فێری ئەو شێوەزارە بووە، ئایا لە هەورامان ماوەتەوە، گەر بە فەقێیەتیش بووبێ، فێربوونی هەرشتێك بەندە بەحەزی ئەو كەسە و بەوشتەوە، حەزی زۆر و ئیرادەی بەهێز دروست دەكات، كە پاڵنەرێكی بەهێزە، ئەمەیان لە مەولەویدا چەسپاوە، چونكە (مەنسوب) و (مەحسوب) و موریدی شێخانی بیارە بووە، شێوە زمانی كوردی ئەم ڕێبازە لای ئەوان شێوەزاری لقیی هەورامی بووە، هەورامان بێ گومان مەڵبەندی شێوەزاری گۆران، زمانی ئایینی و فەرمی بووە، هەتا مەولانا خالیدی نەقشەبەندی شارەزووری، كە جاف بووە، لە شارەزوور و لە سلێمانی ژیاوە، هۆنراوەی بەم شێوەزارە هەیە باكەمیش بێت.

مامۆستا عەبدوڵا کەلاری لەم رووەوە دەڵێت: ( مەولەوی تاووگۆزی دوا شاعیرانی شێوەزاری گۆرانە )*. کە مەولەوی لوتکەیە لەم زمانە شیعرییەدا، هەرچەندە کاریگەریی شاعیرانی وەکو: بێسارانی، صەیدی ئەحمەد بەگی کۆماسی ( خاڵۆی کۆماسی )، بولبول، مەلای خەیاڵ...هتد ) لەسەر بووە،

* ئەم بۆچوونە بڕیارێکی قورسە و بێ سنوورە، چونکە کرۆنۆلوجی ( زنجیرەی زەمەنی و سەردەمەکانی، یان مێژووییەکانی رێبازە ئەدەبییەکان وەها بە ئاسانی و بەبڕیار سنووردار ناکرێت، هەمان بۆچوون بە نیسبەت شاعیر ﴿عەلی باپیر ئاغا ( کەمالی )، 1886 – 1974 )﴾ یەوە هەیە، کە دەڵێت: دواشاعیری کلاسیکییە لە ئەدەبی کوردیدا، بڕوانە ( دیوانی کەمالی، کەمال عەلی باپیر، ...ل24 )، ئێمە ناتوانین سنوورێکی تۆکمە لە نێو رێبازە شیعرییەکاندا دابنێین، تاوەکو ئێستاش ماکی رێبازەکان لەناو یەکدا ماون،چونکە شاعیر هەیە هەتا کۆچی دوایی دەکات یەك رێباز دەگرێت.

بەڵام لە هەموویان بەرزتر بووە بە فراوانی خەیاڵ و بەرزە فڕی شێوازی، بەناسکی و پڕ سۆزیی ئەو شێوازە، بەراستی و دروستی دەربڕینی ئەو شێوازە. (18)

شێوەزارییە شیعرەکانی بە جۆرێك لە جەزبە و سۆزی سۆفیگەری هەست پێ دەکەم، هەر ئەو سۆز و عەشقە وای پێکردلەم شێوەزارە پاراو و پەرواز بێت، شیعرەکانی ئەوپەڕی ئەندێشەی رۆمانسیزم بێت، بۆیە گەر هەوا خواهێکی خوێندنەوەیەکی شیعریی هەورامی بێتە گوێ، مەلی گۆ کۆپلە و تەواوی شیعرەکانی مەولەوی دەخوێنێت! ئەوەی بە وردی بڕوانێتە زمانی شیعریی مەولەوی، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە بە پاراوی و بێ قۆرت و گرێ شێوەزاری ( گۆران/ هەورامی ) زانیوە، هەروەها تاکەکانی شێوەزاری ( کرمانجی ناوەڕاست- گۆڤەرەیی ) تێهەڵکێشی ئەو شێوەزارەکەی تری کردووە، زمانی شیعری مەولەوی بە نەمری دەمێنێتەوە، چونکە وەکو وتم لە ئاستێکی زۆر بەرزدا هۆنیویەتەوە، قووڵایی و ناسکی و سۆزی تێڕامانی رۆحی سۆفیگەرایی تێدا هەست پێ دەکرێت، چونکە شاعیرێکی رۆمانسی، هەم سۆفی بووە، هەروەها زانایەکی ئایینی زۆر بە توانا بووە، زیاد نەڕۆشتبووم، گەر بڵێم لە شێخەکانی،

لەم بوارەدا بەتوانا تر بووە،چونکە ئەوان زیاتر خەریکی بواری تەریقەت بوونە، تەریقەتی سۆفیگەریی نەقشەبەندی. هەروەها هۆکارێکی تر بۆ هەڵبژاردنی ئەو شێوەزارە ئەوە بووە، لەو سەردەمەدا و لەو سەدەیەدا بە تایبەتی؛ شاعیرانی دەڤەری گەرمیان و شارەزوور و هەورامان و لە ئاستی میرنشینەکانیشدا، وەکو میرنشینی ئەردەڵان بەم شێوەزارە هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە.

بە پێی بۆچوونی خۆم؛ شێوەزارێکی زۆر کۆنی کوردییە، زمانی ئولی کۆنی یارسانانە، کە لەم دەڤەرەدا سەری هەڵداوە، هەورامانیش مەڵبەندێکی ئایینی کۆنە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە و خۆی لە رێبازی نەقشەبەندی دا دەبینێتەوە، هەروەها شێخە شاعیرەکانی ئەم رێبازە بەم شێوەزارە شیعری عیرفانیان هۆنیوەتەوە، دوور نییە یەکێك لەو هۆکارە بەهێزانە ئەوە بووبێت، کە پیری تەریقەتی نەقشی؛ مەولانا خالیدی شارەزووری بەم شێوەزارە شیعری هۆنیوەتەوە و کاریگەری هەتا لەسەر مەولەوی بووبێت، لێرەدا بە پێویستی دەزانم نموونەی شیعرێکی مەولانا خالید(19) بەم شێوەزارە بخەمە روو، بە پێویستی نازانم لێکیان بدەمەوە، چونکە ئاشنان بەهزر و سۆز و بیستن، تەنها راڤەی وشە نەبێت، دەڵێت:

قیبلەم فیراقت، قیبلەم فیراقت

ئارامم سەندەن سەودای فیراقت ل 277

سەودا: ئەوین، دڵداری، عەشق

دڵ قەقنەس ئاسان جە ئیشتیاقت

تاقەت تاق بییەن پەی ئەبرۆی تاقت ل 278

قەقنەس: باڵندەیەكی ئەفسانەییە خۆی دەسووتێنێ و دەبێتە خۆڵەمێش و زینو دەبێتەوە.

تاق: تاك: بەتاكی ماوەتەوە و گۆشە گیر بووە.

ئەبرۆی تاق: ئەبرۆی وەك تاقی چەماوەی میحراو.

دوور چەقامەتت قیامەت خێزان

هیجرت شەرارەی جەهەنم بێزان ل 278

قامەت: باڵا

خێزان : هەڵسانەوە

شەرارە: گڕوتین

بێزان: لەبەر چاو كەوتوو.

قەدر عافیەت وەسڵت نەزانام

شوكرانەی شەكەر رازت نەوانام ل 278

شەكەرزار: گفتوگۆی شیرین

نەوانام: نەخوێندەوە، تەماشام نەكرد.

سا غەم كۆی شادیم باد وەباد شانۆ

تەمام ئنتقام وەسڵت جێم سانۆ

سا: دەی، كۆ: كۆكراوە، شاخ، باد: با.

شانۆ: بنێرە، ئنتقام: تۆڵە.

سانۆ: بسێنە، جێم: لێم.

وەسڵ: بەیەكگەیشتنی دڵدار و دڵبەر.

واتاكەی: ئەی خەمی تێكدەری شادی، چی شادیم لا كۆبووەتەوە لە ئە نجامی بەیەكگەیشتنم لەگەڵ ئەو كەسەی مەبەستمە؛ بیدە دەم باوە، با تەفر و تونا و تونی كا، تۆڵەی تەواوی ئەو بەیەكگەیشتنەم لێ بسێنە !

فەزای تەنگ و تەسكی توێژینەوە و شیكردنەوە، ناتوانێت بۆ تەواوی نامەكان، هەتا نامە و تێزی ئەكادیمیش لێكدانەوە و شیكردنەوەی تەواویان بۆ بكات، یان بەچاو و هزرێكی رەخنەییەوە بیانگرێتە ئامێز، بەڵام وەكو نموونە و بە پێی گرنگیی نامەكە و پایەی ئەو كەسەی بۆی ناردووە، هەر لەبەر چاو گرتنی ئەو نامانەی كە بۆ كەسێك ناردوونی، ئەمانە دەبنە بنەمای ژێربێژی (مەنتیقی) بۆ نموونەكان، هەروەها زۆربەی نامەكان، خاڵی هاوبەشیان تێدایە، وەكو بەسەر كردنەوە، دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی، گلەیی، تاسە و پەرۆش، جۆش و خرۆش، بینینی نامەی یەكتر و گەڵێ

تریش، وەها دەکات، چەند نموونەیەکی تەواو هزر و مەبەست بخەینە روو: بە پێی دیوانەکەی، یەکەم نامەی شیعری بۆ برادەری فەقێیەتی؛ شێخ عەزیزی جانەوەرییە، کە بریتییە لە بیست دێڕ شیعر، من چەند دانەیەکی هەڵدەبژێرم. یەك مەبەستن، یەکەیەکی یەکگرتوون، چونکە یەکێك لە سیماکانی شیعری رۆمانسی، کە دەچێتە بواری نوێگەرییەوە؛ پاراستنی یەکێتیی بابەتە، زنجیرە کردنی بیرۆکەکانە، هۆنراوەکە :

ئازیز ! دیارەن، وادەی لوامەن

ئەلوەدای ئاخر ئەوە نامامەن ل 5

لوامەن: رۆیشتنمە، ئەلوەدا: الوداع، ماڵئاوایی یەکجارەکی، ئەوە نامامەن: نەگەڕانەدواوەمە.

ئازیز: واتا نزیکەکەی؛ برادەری خۆشەویست، مەبەستی دووریشی (شێخ عەزیز)ە، دەڵێت: ئازیزم، وادیارە کاتی کۆچ کردنی یەکجاریمە، واتە کاتی هاتنی مەرگمە، دوا خواحافیزی و نەگەڕانەوەی یەکجارەکیمە، کە مردنە، مەولەوی لە هۆنراوەکەیدا زۆر پێشبینی مەرگی کردووە.

حەوت نامەی بۆ شێخی بهاء الدین (شێخ محمدی کوڕی شێخ عوسمانی سیراجوددین) ناردووە، کە زۆرترین نامەیە؛ یەکێك لەو نامانە دەخەینە روو: ئەم چامە، بریتییە لە (7) حەوت دێڕ، بەیت، وەڵامی نامەیەکی (شێخی بهاء الدین)ە.

نامەی عەنبەر بۆت باد صوبح ئاوەرد

عەترش زامەکەی کۆنەم تازە کەرد [20] ل437

واتە: بای بەرەبەیان نامەی عەنبەری بۆنتی هێنا، ئەو بۆنە برینی کۆنمی نوێ کردەوە، لەلای مەولەوی و شاعیرانی تریش با بەتەتەرێکی (نامەبەرێکی) شارەزا و دڵسۆز دانراوە، سالمیش لە وەڵامی نالیدا دەڵێت: [21]

جانەم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر

وەی پەیکی شارەزا لەهەموو راهی پڕ خەتەر ل66

سەحەر: پێش بەیان، پەیك: تەتەر، راە: رێگە

ئەم دێڕە هۆنراوە لە شوێنێکی تردا ئاماژەی پێکراوە.

موتالەعەم کەرد وەدەم دەردەوە

جەفاکەی وەرین جەیاد بەردەوە ل437

جەفا (جفاء): پشت لێهەڵکردن، ستەم لێکردن، وەرین: پێشوو، واتاکەی روونە، پێش رووداو و بینینی رووداوەکە، هەست و درك بەڕوودانی دەکرێت.

مەفهوم بی تەحریر وەش تەقریرەکەش

مەعلوم بی جەلای خەستەی تیرەکەش ل 437

تەحریر: نووسین، تەقریر: روون کردنەوە، لێرەدا نامەی مەبەستە.

واتە: منی نەخۆش بەتیری ئەو پێکراو، لەچەمك و مەبەستی نامەکەی گەیشتم.

فیدای خامەت بام وەیادم کەردەن

یادم نمەشی تاوەڕۆی مەردەن ل 438

بەلام جەدووریت شای صاحیب شەرتان

دوود دڵ وەچەرخ هەفتەمین یاوان ل 438

خامە: پێنووس، یادم نمەشی: لەیادم ناچیت، دوود: دوکەڵ، چەرخ : ئاسمان

واتە: گیان بەخشی پێنووسەکەت بم، چونکە یادمی کردووە، هەتا رۆژی مردن لە بیرم ناچیت، بەلام ئەی پاشای خاوەن شەرتان، دوودکەڵی دڵ گەیشتۆتە چەرخی ئاسمانی حەوتەمین لە بەرزیدا !

دووریت چوون ئەڵماس نیشتەن نە جەرگم

ها وەختەن بەیۆ وادەکەی مەرگم ل 438

بەیۆ: بێت، پێویست بەلێکدانەوە ناکات.

داخ بالا کەت بەروون وەگڵکو

وەهام بالای وێم خاکم وەسەر بۆ ل 438

بەروون: ببیەم، گڵکو: گۆڕ، وەهام: بەئەندازەی، بەقەد بالام.

واتە: ئەترسم خەم و پەژارە و تاسەی بالات ببەمە گۆڕەوە، وەبەرزی و ئەندازەی بالام خاك بەسەرمەوە بێ.

نموونەی نامەیەکی بۆ شێخ عەزیزی جانەوەری.

مەولەوی ئەم نامە شیعرییەی لەوەڵامی نامەیەکی شیعریی شێخ عەزیزی جانەوەری برادەری فەقێیەتی دا نووسیوە، کە لە کوێستانا بووە، داوای گەڕانەوەی لێ دەکات بۆ گەرمەسێر. تەواوی نامەکە ( 8 ) هەشت دێڕ ( بەیت ) شیعرە، دەڵێت:

نامەکەت یاوا کۆسم کەفتەوە

دڵەی ئاهیرین دا وەنەفتەوە ل 436

یاوا: گەیشت، کۆس: کۆسپ، تەگەرە، ئاهیرین: ئاگرین.

واتە: نامەکەت گەیشت، کۆسپ و نەهامەتێکی تری بەدوای خۆیدا هێنا، وەکو نەوت وا بوو رشانتە سەر دڵەی پڕ لە ئاگرم. تا زیاتر بڵێسەی بەرز بێتەوە.

تاکەی تۆ بەو زام، من وەی دەردەوە

تۆ بەو کاوەوە، من بەی هەردەوە ل 436

کاو: کوێستان، ناوچەی شاخاوی.

هەرد: مەبەستی هەردە و هەڵەتی گەرمیانە، واتاکەی روونە.

تەشریف باوەرە جەرگەمان جەم بۆ

بەڵ وەی جەم خەمێ جەلامان کەم بۆ ل 436

بێسارانییەن نەتۆی فەردی من:

( خەم چەنی خەمان زوو مبۆساکن ) ل436

جەرگە: مەبەست لێی کۆبوونەوە و یەکگرتنی دۆست و یارانە، چەق و ناوەندی شتیش دەگەیەنێت، جەم: کۆبوونەوە، بەڵ: بەشکو، فەرد: بەیت وشیعر، چەنی: لەگەڵ، ساکن: بێ جووڵە، ئارام.

واتە : تەشریف بێنەوە باکۆڕمان کۆبێ و ناتەواوی تێدا نەبێ، بەڵکو خەمێك بدەین بە بادا، لەناو دێڕە شیعرەکەمدا، نیو دێڕی مەلا مستەفای بێسارانی دێتە گوێ، کە دەڵێت : خەم لەگەڵ خەماندا بێ، گەر خەمبارێك بچێت بۆلای خەمبارێکی تر، ئەو خەمە زوو ئارام و هێور دەبێتەوە، گەر هەمان خەمیان بێت، ئەوا خەمەکانیان کەم دەبێتەوە، وەکو هەریەك لەوانە بڵێت خۆ من تەنیا خەمبار نیم.

هەناسەی سەردم نەدڵ خێزاوە

خێڵ خانەی کەیفم هەوار بێزاوە (22) ل 436

بێزا : گواستییەوە، باری کرد

واتە : هەناسەی ساردم، کە نیشانەی خەم و کەسەر و نائومێدییە لە دڵم بەرز بووەوە، لێرەدا جێگۆڕکێیەك لەم وێنە شیعرییەدا رووی داوە، هەناسە لەسی وسنگەوە دەردەچێ. خانەی شادی بەخێڵی کۆچەری چواندووە، کە هەوار لە زستان و هاویندا دەگوێزنەوە لەبەر مەڕ و ماڵات.

وەیشوومەی مەینەت تەم ئەنگێزاوە

وەڵگەکەی شادی سەرتەڵ رێزاوە ل 436

وەیشوومە : بای شووم و سەخت، بای زیان بەخش و ناخۆش و دەردو ئازار، تەمی خەمی هەڵسان و گەڵای سەر لق و چڵ و پۆپەی شادیمی هەڵوەران.

مەولەوی شادی بەدرەخت چواندووە. کە چۆن لەبەرهار و هاویندا گەشە دەکات، گەڵا و گوڵ و بەر دەپۆشێ و دەگرێت، پایز و زستان تووشی دەرد دەبێت و رووت دەبێتەوە، لە خۆشی و شکۆفە ورازاندنەوە، دەکەوێت و دەوەستێت.

جۆی چەمەی شەوقم هەم یەخ کردەوە

مەزرەعەی هەستیم شەڵتەبەردەوە ل 437

جۆ : جۆگەی، چاوگەی درەوشانەوەی شادیم بوو بە سەهۆڵ و بەستی، مەزرای جوانی هەستم، زوخم و وشکە سەرما وشکی کردەوە و فەوتانی.

مەولەوی رۆمانسیەتی لە سەرچاوەی رۆمانسیەتی لای کورد هەڵگۆزیوە، کە پڕە لە ئاوڕدانەوە بەلای نەهامەت و سیا ساڵ و مافەتە و بای شووم و دەرد و خەفەت و کەسەر و نائومێدی و تێکشکان.

نەشئەی وەخت سەخت ئامای پاییزەن

یاشنۆی دووریی بالآی ئازیزەن ل 437

نەشئە : دروست بوون، دەرکەوتن و پەیدا بوون، شنۆ : سروە، کزەی فێنك.

واتە : ئایا ئەم دۆخەی منی تێدام، هاتن و دەرکەوتنی نیشانەی سەختی و ناخۆشی هاتنی وەرزی پاییزە، یاسروەی بالآی دوور لە من، شێخ عەزیزە؟

**نامەی شیعری لەگەڵ حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجوددییندا**

دەبوایە یەکەم ناو، ناوی ئەم زاتە بوایە، چونکە شێخ و مورشیدی تەریقەتی بووە، مەولەوی مەنسوب و موریدی بووە، ئێمە لێرەدا ژمارەی نامەمان کردە پێوەر، چونکە توێژینەوەکە بوارێکی ئەدەبی، شیعری گرتۆتەوە، نەك ئایینی، عیرفانی، هەرچەندە ئەم سیمایەی تێدایە.

ئەم نامە شیعرییە بریتییە لە (7) حەوت دێڕ (بەیت)، بەڵام شێخ عوسمانی سیراجوودین یەك نامەی بە زمانی فارسی بۆ مەولەوی ناردووە، کە نامەی ژمارە دووەمییەتی و لە کتێبی (یادی مەردان)دا* بڵاوکراوەتەوە.

بۆنەی ئەم نامەیە، ئەوەیە، حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجوددین داوای تەزبیحێکی لێ دەکات، ئەویش لەگەڵ دیارییەکەی دا ئەم نامە شیعرییەی بۆ دەنێرێت، دەڵێت:

جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕ جەگەرد [23]

فەرمات پەی تەزبێح ها رەوانەم کەرد ل 154

جیلوە: دەرکەوتنێکی لەناکاو، وەکو تیشك، جەلا، جلاء: رووناکی و ئاشکرا بوون

جام: ئاوێنە، هاوێنە.

واتە: ئەی ئەو رووناکییە، کە خێرا دەردەکەوێت و ئاوێنەی تەڵخن و تۆزاوی دڵم بە گوناح، بێ گەرد و خاوێن دەکاتەوە، تەزبێحت، فەرمووە، ئەوا رەوانەم کرد.

پەرێ تۆ خاسەن هەر شام تا سەحەر

هەر ژمارەی وەصڵ بالای دڵبەر کەر ل 154

پەرێ: بۆ

واتە: ئەم تەزبێحە بۆ تۆ چاکە هەر دوای مەغریب تا پێش بەرەبەیان ژمارەی بەیەکگەیشتن بەبالای دڵبەری پێ بکەی، ئەوەی شایانی باسە، ئەولیاو شێخان و پیاو چاکان شەوگار کەم دەنوون وبەر لە بەیان داوای لێ خۆشبوون لە پەروەردگار دەکەن.

ئاماژەیە بە ئایەتی ﴿ كَانُوا قَلِيلاً مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ{17} وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ{18}﴾: ﴿تەفسیری ئاسان، بورهان محمد امین، سورەتی (الذاريات)﴾. هەروەها زاراوەی دڵبەر لە ئەدەبیاتدا ئاماژەیە بۆ ئافرەت، کە جەمسەرێکی تری خۆشەویستییە، بەڵام مەولەوی، لێرەدا خواستوویەتی بۆ ئەو خۆشەویستە عیرفانییەی؛ کە دەبێت خوابێت، یان شێخی تەریقەت بێت،مەبەستی خۆشەویستییەکی حەقیقییە.

نەك چوون من وضوو وە هووناو ئەستە

خەم سیواك، نمای مەینەتان بەستە ل 154

* یادی مەردان، ب2، مەلا عبدالکریمی مودرس، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1983، ل 45، 46 ، 47.

نیشتەی گۆشەی تار نماز خانەی دەرد

روونە پای میحراو هەناسان سەرد ل 154

هووناو: خوێناو، ئەستە: گرتوو، سەندوو، نماز: نوێژ، تار: تاریك، نمازخانە: مزگەوت.

واتە: لێرەدا مەولەوی بەراوردێك لە میانی خۆی و شێخی سیراجوددین دا دەکات،

دەڵێت: نەوەك وەکو من، کە دەست نوێژم بەخوێن گرتووە، بە سیواکی خەماویی پێش نوێژی پڕ لە مەینەت نوێژ دابەستنم، من لە گۆشەیەکی تاریکی مزگەوتی دەردا دانیشتووم، رووم لە میحرابی هەناسە ساردییە، لێرەدا جۆرە موناسەبەیەك

هەیە، ئەویش ئەوەیە. یارسانان و ئەهلی حەق (كاكەییەكان و...) بە شوێنی پەرستنیان (پەرستگە)یان دەڵێن: (جەم خانە): خانووی كۆبوونەوە، وێنەیەكی قەشەنگی ڕۆمانسی نەخشاندووە، مەولەوی لەم جۆرە وێناكردنانەی زۆرە.

وەی وضوو نما و وەی سیواكەوە

جەی گۆشەی میحراو مزگیی پاكەوە ل 155

دانەی مەرجانیی هەرس مەهجووری

هۆنیای تای كرژ رشتەكەی دووری ل 155

پەی ژمارەی ذكر كزەی ئیش و نێش

كافییەن دیدەم تەزبێحم پەی چێش ؟ ل 155

مزگی: مزگەوت، مەرجان: ڕەنگێكی سووری بنی دەریایە، وەكو پەنجەكانی دەست وایە، هۆنیا: هۆنراوی، پێوەكراوی، تا: تاڵ، دەزوو، هەودا. رشتە: دەزوو، تاڵ لەگەڵ دەنكە تەزبێح یەكدەگرن، پێی دەڵێن رشتە، بۆ مورووش بەكاردێت. تەزبێحیش لە (تسبیح)ەوە هاتووە، كەواتای (سبحان الله) ژماردنە.

واتە: من بەم شێوەی دەستنوێژە و بەم جۆرە سیواكەوە، لەم گۆشەی میحراوی مزگەوتی پاكەوە، دەنكە دەنكە فرمێسكی خوێنینم وەكو ڕەنگی مەرجان وایە، كە لە ئەنجامی دووری تۆدایە، بە تاڵ و دەزووی كرژی دووریی تۆ هۆنراوەتەوە، بەسمە بۆ ژماردنی كزەی ئازار و دەردی دووری. ئەی چاوەكەم من تەزبێحم بۆ چییە، هەر بۆ تۆ باشە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و بایەخ و گرنگییە، نموونەی نامەی شیعری شێخ سیراجوددین لەم دیوانەدا (دیوانی مەولەوی، دانانی مەلا عبدالكریمی مدرس،...) بۆ مەولەوی بەدی ناكرێت، یان بەسەرما تێپەڕیوە؛ گەڕامەوە بۆ كتێبی (یادی مەردان- بەرگی دووەم، دانانی مەلا عبدالكریمی مدرس،...) بە مەبەستی پشكنینی نامەكانی حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجوددین؛ بۆم دەركەوت:

دڵنیام پیاوێكی وەكو ئەم زاتە، كە شێخی تەریقەتێكی فراوانە لە كوردستان و عێراق و جیهانی ئیسلامیدا لە ماوەی پەنجا ساڵ زیاتر؛ لەم رابەرایەتییە؛ سەدەها نامەی نووسیوە بەمەبەستی جۆراو جۆر، كەچی تەنها (7) حەوت نامەی دیارە، بەزمانی فارسی تێكەڵی كەم بەزمانی عەرەبی، نووسیونی، پەخشانە؛ تێهەڵكێش بە شیعر. یەك نامەی تایبەتی بۆ مەولەوی نووسیوە، بەڵام نامەی حەوتەمینی هاوبەشە و ناوی كەسی تیا نەبردووە، لەوانەیە بۆ ئەویشی ناردبێ، جێگەی قایل بوون نییە ئەم زاتە هۆنراوەی بە شێوەزاری (گۆران – هەورامی) نەبووبێت، لەكاتێكدا لە تەوێڵە دانیشتووە، زۆر دەم بەم شێوەزارە دوواوە، كەچی مەولانا خالید و مەولەوی دانیشتووی هەورامان نەبوونە. هۆنراوەیان بەم شێوەزارە بووە، هەرچەندە مەولانا خالید هۆنراوەی بەم چەشندە شێوەزارە كەمە.

نامە بۆ شێخ عومەری بیارە (شێخ ضیاء الدین)

مەولەوی ئەم چامەیەی بۆ شێخ (ضیاء الدین) نووسیوە؛ لە وەڵامی نامەیەكی ئەودا، كە مژدەی هاتنەوەی دۆستێكی تیا بووە، دەڵێت:

ضیای دڵ نامەت وەلای دڵ ڕێشان

یاواو ڕەنگین كەرد بەزم دەروێشان ل 334

ضیاء: رووناکی، ریش: بریندار، یاوا: گەیشت، بەزم: ئاهەنگ و خۆشی، دەروێشان: پیاوانی سادە و هەژار و قەڵەندەر.

واتە: رووناکی دڵ، نامەکەت گەیشت و ئاهەنگی هەژاران و خەڵکی سادەی رازاندەوە، کە خۆی یەکێکە لەو مورید و دەروێشانە.

شنەفتم پەرێت راس گێلاْ چەپ گەرد

بەوەصل لەیلا شادمانت کرد ل 334

بیستم زەمانەی چەپ گەڕ، کە بە پێچەوانەی ئارەزووی خەڵك، گەرد و خول دەکات، بەمەیل و ئارەزووی تۆ راست گەڕا، بۆ بە یەکگەیشتن بە لەیلا، کە سومبولی دڵبەرانە، شادی پێت بەخشی.

دڵ وەنزیکی هەر یەند مەسرور بی

جەسزای مەینەت رای دووری دوور بی ل 334

یەند: ئەوەندە، جە: لە

واتە: دڵم بەلەیەك نزیکبوونەوەتان ئەوەندە شاد بوو، لە ئازاردانی دووری رێگەی بەیەکگەیشتنمان دوور کەوتووەتەوە، مەولەوی رزگاری بوو لە سزای مەینەت، وەکو لە پێشدا روونم کردەوە، زاراوەی: دڵبەر، دۆست، لەیلا، ...هتد بۆ خۆشەویستیی عیرفانی و مەجازی خواستووە.

پەریٚ تۆ راحەت، پەریٚ من زامەت

وەردەبێم هەردوو تارۆی قیامەت ل 334

واتە: ئاواتە خوازم تا رۆژی هەستانەوە، جەستەی تۆ لە ئارامی و بیٚ خەمی دا بیٚ و منیش هەر بەشم زەحمەت و دژواری بیٚ...

تۆ نەتویٚ باخچەی وەصلٚ دڵبەردا

من نە پێچ گێچ دریای خەتەردا ل 334

واتە: تۆ لەناو باخچە و مێرغوزاری بە یەکگەیشتنی دۆستدا رابوێری و منیش لە پێچاو پێچی گێژاوی پڕ مەترسیی دەریادا ژیان بگوەزەرێنم.

بۆ ئەحمەد بەگی کۆماسی ( خاڵۆی کۆماسی ):

جێگەی سەرنجە درێژ ترین نامە شیعرییەکانی بۆ ئەم زاتە نووسیوە، کەوا لە بیست دێڕ کەمتر نییە، لەکاتێکدا مورشید و شێخی نەبووە، بەڵام کاریگەری لەسەری بووە تاوەکو ئێستا نازانرێت ئەو کاریگەرییە هۆکارەکەی چییە ؟!

مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەڵامی قەسیدەیەکی ئەودا ناردووە، کەباسی شایی و زەماوەندێکی گەرمی تێدا نووسیوە بۆی، داخ و کەسەری پیشانداوە، بۆ ئەوەی مەولەوی لەو شایەدا نەبووە، دیارە ئەم نامە شیعرییە لەسەردەمی لاوێتیدا بۆ نووسیوە، هەروەها زاراوەی قەسیدە (قصیدە) ئاوەڵواتای نامەی شیعرییە. قەسیدەکە بریتییە لە (20) بیست دێڕ، بەڵام لەبەر کەمی دەرفەت بەشێکی دەخەمەڕوو، هەرچەندە باش وا بوو هەمووی بووایە، بۆ ئەوەی هزر و مەبەستی قەسیدەکە بەتەواوی دەرکەوێت، دەڵێت:

نامەی نەفتینت یەك رۆ باد ئاوەرد

كلپەی بلێسەی كوورەم زیاد كەرد ل 411

دەلاڵەت جۆ شۆ چون رۆی ئازادی

گەرمەی گەرم نەزم بەزم پڕ شادی ل 411

دەلاڵەت: ئاماژە، جۆشۆ: دێتەكوڵ، رۆی ئازادی: رۆژی گەردن ئازادی: جەژنی رەمەزانە، یان قوربانە، نەزم: هۆنراوە، مەبەستی شیعری گۆرانیی هەڵپەڕكێیە، بەزم: ئاهەنگ، زەماوەند، شایی.

واتە: ئاماژەی خۆشەویستی و دڵسۆزی لە نامەكەتدا دەجۆشێ، وەكو پیرۆزبایی كردن و گەردن ئازادیی رۆژی جەژن لە گەرما و گەرمی گۆرانی وتندا لە زەماوەندی پڕ لە خۆشیدا، گەرماو گەرمی؛ جەختە لەسەر گەرمی و پەرۆشیی زەماوەندەكە، دەربڕینێكی ناسكە.

صەدای (لاو هەی لاو)، زرەی زەڕ زنجیر

سڵسڵە و بانی سەر، بەندزرێ و لاگیر ل 411

صەدا: دەنگ دانەوە، لێرەدا مەبەست، دەنگ دانەوەی گۆرانییە، لاو هەی لاو: گۆرانییەكی كۆنی هەڵپەڕكێیە. زەڕزنجیر: زنجیری ئاڵتون، سڵسڵە: خشڵێكە ژنان ئەیدەن لەبەر شەدە، بانی سەر: پێنج لیرەیی، یان پێنج قرانی، كە ژنان ئەیاندروە ناوەڕاستی كڵاودا، بەندی زرێ: رشتەیەكی زیوە، شەدەی پێ سفت دەكرێ، لاگیرە: رشتەیەكی زیوە، تاكە تارانی پیا كراوە، ژنان ئەیاندا لەملاو ئەولای كڵاو زێڕ، یان سەروپێچ.

واتە: ئەمانە هەموو لەگەڵ گۆرانی و هەڵپەركێكەدا دەنگیان دەدایەوە. جێگەی ئاماژەیە مەولەوی لەو زەماوەندە نەبووە و زێڕەنگەریش نەبووە، چۆن ئەم هەمووجۆرە خشڵەی زانیوە، یان ناسیوە، من تەنها بۆ زیرەكییەكەی، وێناكردنەكەی؛ قەریحەی شیعری كەم هاوتای دەگێڕمەوە.

زیلەی گواره و زرنگەی زنگڵەی زەڕ

لەرزەی نەو نەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ ل 412

زیلە: زرە، زەنگڵە: ئەو زرێ و لیرانەی بەردەبێتەوە بەگوێ زێڕینی سەرسوخمەوە.

لیمۆی تەڕ: مەبەستی مەمكی كچە، لە كاتی هەڵپەڕكێ كردندا ئەمانە هەموویان؛ پەسنی ئەو زەماوەندەن.

شەقە و تەقەی گەرم، چە پڵە و چیڵەی نەرم

چریكەی وەناز، تریكەی وەشەرم ل 412

چیڵە: پێكەنین، چریكە: ئاوازی بەرزی مەقام وتن، تریكە: پێكەنینی پڕوناسك وبێ دەنگ، مەبەستی لە كچانە، كە گۆرانییەكانی سەرەنج و رووخساریان رادەكێشن.

سەمای دەسمالان، رەمای نەوهالان

نەمای مەلالان، نمای وەش حالان ل 412

سەما: لەرە، لەرینەوە، دەسماڵ: دەستەسڕی دەستی سەرچۆپی كێش، هەڵپەڕكێ دوو سەری هەیە سەرچۆپی، گاوانی؛ جووڵە لەلای سەرچۆپییە. رەما: راكردن، نەوهاڵ: تازە پێگەیشتوو، هەڵچوو، مەبەست منالانی ناو هەڵپەڕكێكەیە. كەڕادەكەن و دێن و دەچن.

نەمای مەلالان: مەبەست لێی؛ هەڵپەڕكێ جۆش و خرۆش و شادی بەرپا دەكات، بێزاری و سستی ناهێڵێت.

**نما: خۆ دەرخستن و نواندن بە جوانترین شێوەی خۆش حاڵی.**

**لارەی قەتارەی لاو و شەدەلاران**

**ئیشارەی کەم کەم پە نجەوشاران ل 414**

**لارە: لاکردنەوە بەسەر، قەتارە: زنجیرە، لاو: گە نجی کوڕ**

**شەدەلار: ئەو ئافرەتەی گرێی سەروێنەکەی خوار دەبەستێت.**

**دیمەنی زنجیرەی هەڵپەڕکێ کاران، لەکوڕان و کچان (ڕەشبەڵەك)، کاتێ سەرو قەدیان دەچەمێننەوە، لاکردنەوەی بە ئاماژەوە، پە نجە وشاردنێکی نەرم، کە دیسان ئاماژەیەکی ترە، ئەوەندەی تر ئەو گۆڤەندە جوان دەکەن و دەڕازێننەوە.**

**یاران، یاوەران، های دەردە داران**

**بەیدێ بکەردێ من سەنگە باران ل 415**

**یاوەر: هاریکار و پارێزەر، دەردەداران: وەکو من گیرۆدەی دەرد. بەیدێ: وەرن، بکەردێ: بکەن.**

**جە نەحسیی تاڵە و جە بەد ئیقباڵیم**

**هەر کۆ فرسەتەن من یاگە خاڵیم ل 415**

**نەحس: نەهامەت، بەدبەختی، تاڵە: تالیع، تالع (طالع): ناوچاو، بەخت، ئیقباڵ، نگین (بەختی باش) رووتێ کردن، چارەنووس، چاك، یان خراپ. کۆ: جێگەی دانیشتنی برادەران و یاران. فرسەت: هەل، یاگە: جێگە.**

**واتە: لە سەختی و دژواری تالیعم و بەدبەختیم و لە خراپی ئەوەی رووبەڕووی دەبمەوە، لە هەل رەخسان و هەڵکەوتنی کۆبوونەوەی برادەر و دۆستاندا، من شوێنم بەتاڵە، لە رەشی بەختم؛ رێگەم بۆ هەڵناکەوێت؟**

**خاڵۆ گیان نامان پەی نەونەمامان**

**گیان دان وەمۆبەت، پەی مەعدوم ئامان ل 416**

**خاڵۆی کۆماسی لە نامەکەیدا، باسی بەخۆ قوربانکردنی نەوجوانان و تازە هەڵچووان بۆ دڵبەرانیان دەکات، مەولەوی وەڵامی دەداتەوە، کە ئەو کارە رەوانییە بۆ ئەوان، تەنها رەوای مەعدومی، کە (نازناوی پێشوو)یە.**

**چونکە ئەوان وەکو ئەو لە ئەزموونندا قاڵ نەبوونە.**

**نامەی شیعری (چامە) بۆ حەمە پاشای جاف**

**تەنها یەك نامەیە لە دیوانەکەیدا لەگەڵ نامە بێ نوختەکەیدا، کە لەم نامە شیعرییەدا ئاماژەی بۆ کردووە: (دکتۆر حەسەن بەگی کەریم بەگی جاف)، کە لە نەوەکانی حەمە پاشای جافە؛ ئەو نامەیەی کە بێ خاڵە، بێ نوختەیە، پەخشانە و بە زمانی فارسییە، لە وتارێکدا، کە لە ژێر ناوونیشانی: (حەمە پاشای جاف و مەولەوی تاووگۆزی و نامەیەکی بێ نوختە)، * بەمە ئەڵقەیەکی ونی نامەکانی ئەڵقەریزی بەوانی تر کردووە و رووناکی زیاتری خستۆتە سەر. بە پێویستم نەزانی بڵاوی کەمەوە، چونکە بە زمانی فارسییە و زمانی توێژینەوەکە کوردییە و کەم کەسیش دەتوانێت بیخوێنێتەوە و لێی تێبگات). من وای بۆ دەچم زیاتر لە نامەیەکی بۆ ناردووە، چونکە پێوەندییان زۆر گەرم بووە، بۆ نامەکانی تر دیارنین؟ نازانم، بۆ مەحموود پاشای کوڕی حەمە پاشا زیاد لە نامەیەك لەم دیوانەدا هەیە. بەهەر حاڵ دەبێت ئەم نامەیەی تۆمار بکەین، کۆی (7) حەوت بەیتە. کە تێیدا زویری دەخاتە روو لەگەڵ خۆشەویستییەکی قووڵدا، دیارە ماوەیەك نامە لەلای حەمە پاشاوە پچڕاوە، دەڵێت:**

**مەیلت ئارەزووی ئەغیار کەردە بێ**

چێش خامەکەت نام مەعدووم بەردە بێ ( 2 )
بێ منەت جەمەیل ئامای نامەتم
مەمنون جەوەفای ڕەشحەی خامەتم ( 3 )
پارسابیت چۆنی؟ ویَت غەڵەت کەردەن
مەرنمەزانی دووریت چ دەردەن ( 4 )

---

* بڕوانە گۆڤاری رامان، ژ: 162، ل128-131، 2010/11/5، ئەم سەرچاوەش بەشێکە لە (دیوانی دەستنووسی مەولەوی تاووگۆزی)، دانراوی (سید تاهیری هاشمی دەوڵەتئاوایی)یە، کە وێنەیەکی لای (د.حسن جاف)ە.

گەرمیی بڵێسەی دەروون دەماخ
دێوە لوول ئاخ دڵەی پڕ جەداخ ( 5 )
ئەو بردنم نەچەم دیدەی پڕ جەدەرد
ئید مالاَ رووی حەرف خەیاڵ بێ گەرد ( 6 )
نە قەترەی ئەسرین مەندەن نەچەم دا
نە نوختە نە حەرف ئینشای ماتەمدا ( 7 )
عەرضە شاهیدەن خاس بدیە پێشدا
حەرف نوختەدار نەمەندەن تێشدا [24] ( 8 ) ل 396، 397

2 ) چێش: کەچی. واتە: هەواو مەیلت ئارەزووی بێگانەی کردووە، کەچی پێنووسەکەت ناوی منی بردووە، ئەم ناجۆرییە چییە؟!

3 ) ڕەشحە: پرش، پرژ، سوپاسی پرژە و دانەناوی (رشحە)ی مرەکەبی پێنووسەکەتم، کە بۆی وەفای لێ دێت، نەك منەتباری مەیلی هاتنی نامەت، کە مەبەستێکی دونیایی تێدایە.

4 ) لیَمت پرسیبوو چۆنم؟ تۆ خۆت بەهەڵەدا بردووە، ئایا نازانیت دووریت چ دەردێکی پێم بەخشیوە، هۆش و فامم نەماوە.

5 ) ، 6 ) دیوە لوول: گێژە لووکە، بەرد: بردی، مالاَ: ماڵیوە. واتە: گڕە و گەرمیی بلاَچە و بڵێسەی دەماخم فرمێسکی وشك کردووە لە چاوی دەردەدارمدا، گێژە لووکەی ئاخ و هەناسە هەڵکێشانی دڵەی پڕ لە کەسەر و کۆڤانم شێوەی ئەو پیتانەی سڕیوەتەوە، کە لە خەیاڵی بێ تەلخ و روو نمدابوون.

7 ) ئەسرین: فرمێسك، ئەشك، ڕۆندك، نەمەندەن: نەماوە. واتە: نە دڵۆپەیەك ئەسرین لە چاوانمدا و نە خاڵ لەسەر پیتی داڕشتنی خەم و خەفەت و ماتەمیمدا ماوە.

8 ) عەرضە: نامە، بدیە، بڕوانە: نامەکەم گەواهیم بۆ دەدات، باش بڕوانە پێیدا، کە نوختە لە پیتەکان هەڵوەریون، وەکو نامەکە دەردەراو پڕئازارن.

لێکدانەوەی ئەم نامە شیعرییە، بە شێوەیەکی تر خستوومەتە ڕوو، کە وەکو ناو دیوانەکە وایە، چونکە هەمان مەبەست دەگەیەنێت.

مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لەساڵی 1291ی کۆچی مانگی ، بەرامبەر بە ساڵی 1874ی لە دایك بوون، بۆ مەحمود پاشای جافی ناردووە؛ کاتێك ماڵیان لەبەغدا بووە.

جەدووریت دەروون مەوج دەریای هوون

مدۆ وەچەمدا. بەڵام چێش کەروون ل155

مەوج: شەپۆل، مدۆ: ئەدات، چەم: لێرەدا (چاو)ە

لە دووری تۆدا، شەپۆلی دەریای خوێن ئەدا لە چاوم، بەڵام چارم نییە و چی بکەم.

پاتەخت مەحمود دار السلامەن

منیچ کەمیٚ فام ئەیاز جەلامەن ل 156

ئەیازت فاماش تەفاۆل کەردەن

سەلامەتیی تۆش وەیاد ئاوەردەن ل 156

مەحمود: مەبەست لێی مەحمود پاشای جافە، دار السلامەن: مەبەستی یەکێکە لە ناوەکانی شاری بەغدا، واتە: خانەی سەلامەت و دوور لەشەڕ و ئاشووب و وەی و نەهامەت. ئەیاز: مەبەست لێی ئەیازی وەزیری سوڵتان مەحمودی غەزنەوییە، کە وەزیرێکی دانا و ژیر و راوێژکاری سوڵتان مەحمود بووە، بەڵام مانا دوورەکەی مەبەستی خۆیەتی؛ واتا مەولەوی.

دەڵێت: ئێستا بەغدا، کە (دار السلام)ە بۆ مەحمود پاشای جاف نیشتنگە و هەم پێتەختێتی، منیش واتە مەولەوی وەکو ئەیاز، کەمیٚ فام و عەقڵم هەیە، لێرەدا مەحمود پاشای چواندووە بە سوڵتان مەحمودی غەزنەوی، ئەیاز تیٚ دەگات و گەشبینیشە، واتە مەولەوی خۆی لەم گەشبینییە سەلامەتی تۆی هێناوەتەوە یاد، جێی ئاماژەیە بەغدا لە دەورانی مێژوودا تووشی چەندەها نەهامەت و مەرگەسات بووە، بەڵام لە کۆتایی دا سەلامەتی بۆ گەڕاوەتەوە، وەکو لافاوەکانی دیجلە، کە دوا لافاوی لە ساڵی (1954)م بووە، پەتای چاوە قووڵە و پەتای کوشندەی تر، قڕوقاتی، شاڵاو و تالآنی (بەدو) و شتی تریش لەسەدەکانی هەژدەهەم و نۆزەدەهەمدا و لەسەردەمی حوکمڕانیی (المماليك)دا و پێشتریش، کە دەرفەت نییە، بە روونی تۆماری کەم.

وەخارو خاشاك موژەی چەسپیدە

سەد بەستەن نەدەور سەرچەمەی دیدە ل 156

خار: دڕك، خاشاك: چیلکە و پووش و پەڵاش، سەد: بەنداو، سەرچەمەی دیدە: سەرچاوەی چاو، بینین.

واتە: بەچیلکە و ئاو ماڵکە و پووش و پەڵاشی برژانگی بەیەکەوە نووساوم، کە فرمێسك ئەو برژانگ و خاشاکانەی چەسپاندووە بەیەکەوە؛ بەنداوێکی بەستووە لە دەوری سەرچاوەی چاوم، نایەڵێت هاژە بکات لەسەرداو، ئاوەکە خوێناوی فرمێسکمە، بە دەشتی گەرمیاندا هاژە بکات و بەغدا ئاو بیبات و بیخنکێنێ.

وەرنە دەجلەی غەم توغیان کەردەبیٚ

تا ئیسە چەند جار بەغداش بەر دەبیٚ ل 156

توغیان: سەرکەشی، لافاو هەڵسان

واتە: ئەگینا دەجڵەی غەم و کەسەر، کە چاوەکانێتی، لافاوی هەڵئەسان و تاوەکو ناردنی ئەم نامەیە چەند جارێك بەغدای دابوو بە ئاواو تۆش لانەواز دەبوویت.

مەولەوی بە ئەندێشە رۆمانسییەکانی و فەنتازیای خەیاڵی وێنەی شیعریی جوانی سەرنج راکێشی گرتووە، مەگەر لە شاعیرانی پێش خۆی، کە مەولەوی ئاماژەی ئەوە دەکات بەوەی شیعری بێسارانی هاوشێوەی شیعرەکانێتی و هان لە توێیاندا، یان لە ناویاندا*. ئەمە توانا و بەرهەم و شاعیرییەتی

* بۆ نموونە دەڵێت: بێسارانییەن نە تۆی فەردی من :

(خەم چەنی خەمان زوومبۆ ساکن)،

بڕوانە: دیوانی مەولەوی، مەلا عبدالكريمی مدرس،... ل436.

مەولەوییە، بۆیە بە پێشەنگی قوتابخانەیەك، یان رێبازێك دادەنرێت، ئەویش رۆمانسییەتی شیعری کوردییە، ئەوەی جێگەی هەڵوەستە و سەرنجە، مەولەوی، کە هەردوو سەردەمی حوکمڕانی محەمەد پاشا و مەحمود پاشای جافی دیوە و هەردووکیانیشی ناسیوە. خۆی و سادات و خەڵکی تاووگۆزی و سەرشاتەی لای رۆژهەلاتی رووباری سیروان بە شێوەزاری دەڤەریی جاف، کە سەر بە شێوەزاری سەرەکیی کرمانجی خوارووە دواون، کەچی بە شێوەزاری کرمانجی (گۆران- هەورامی) نامەی بۆ نووسیون، وای بۆ دەچم، مەولەوی ئەم شێوەزارەی لا پیرۆز بووە، چونکە شێخانی تەریقەتی نەقشەبەندیی دەڤەری هەورامان بە شێوەزاری هەورامان دواون، ئاخاوتوون، مەولەویش بەو شێوەزارە شیعر و نامەی بۆ ناردوون، چونکە (منسوب و مريد)یان بووە، بۆ خەڵکانی تریش زیاتر بەم شێوەزارە دەڤەرییە شیعری بۆ ناردوون، ئەوانەش خاوەن پلە و پایەی دونیایی، یان ئایینی بوونە، بە تایبەت پاشاکانی ئێڵی گەورەی جاف.

نامەی شیعری بۆ حاجی مەحموودی یاروەیس نووسیوە، کە دۆستی بووە، حاجی مەحموود وەکیل و مەسرەف داری مەحموود پاشای جاف بووە، دۆستایەتی مەولەوی و حاجی مەحموود، زۆر بەهێز بووە، هەر لەمەشەوە، کە عبدالرحمانی کوڕی حاجی مەحموود بە گوللەی وێڵ پێکراوە و مردووە، مەولەوی بە چەند پارچە شیعری پڕ سۆز لاواندوویەتەوە، کە یەکێکیان ئەوەیە، بەم چەند بەیتە خەمگینانە، کە لە بنەڕەتدا (10) دە بەیتە دەست پێ دەکات و دەڵێت:

ئای کێ بێ هەواڵ لوای تۆ ئاوەرد

بەختش بەرگەشت بۆ هۆشم وەحشی کەرد (1)

مدیا ئەو شۆنت دل نە پە نهاندا

چون ئیسم (رەحیم) وەشۆن (رەحمان)دا (2)

کۆترەکەی ئازاد حەریم دڵ بیت

دانەی مۆبەت چین پەی وێت غافڵ بیت (3)

صەبیاد چە پگەرد ئاخر فرسەت سەند

ناکاو دوور ئەنداز دووریت وەدڵ شەند (4)، (یادی مەردان)،... ل 421.

وێت تەینا ئەیاز مەحموود نەزانی

من شەیدا تەربیم پەرێت پەنهانی (5)، (دیوانی مەولەوی)،... ل35.

5) واتە: ئەی پیاو ماقووڵی مەحموود پاشا، کە وەك ئەیازیت بۆ سوڵتان مەحموودی غەزنەوی. خۆت بە تەنها نەزانی لەم بەلادا، کە هاتووە بەسەرتا، من دووراو دوور لە خۆت نارەحەت تر بووم بۆت.

لوای: رۆیشتنی، مردنی. بەرگەشت بۆ: وەرگەڕێ، سەرەولێژ بێت.

وەحشی کەرد: وێڵی کێو و هەردان کرد وەکو جانەوەر و دڕندەکان.

مدیا: دەیڕوانی. ئەو شۆنت: بە دواتا. حەریم: زەوی حەرام، قەدەغە کراو لە هەموو تاوانێك، مەبەستی شاری مەککە و دەوروبەریەتی، بەڵام لێرەدا دڵی بە مەککە چواندووە. چین: چینەی دانەوێڵەی خۆشەویستی، دوور ئەنداز: لە دوورەوە تەقێن، وەشێن، لە دوورەوە مشتی لێ گرت ونیشانی دیاری کرد، کە دڵییەتی. شەند: وەشاندی.

واتای گشتی: هەرچەندە واتای فەرهەنگی وشەکان واتای گشتی روون دەکاتەوە، بەڵام واتای گشتی ئەمەیە: ئای (بۆ دەربڕینی خەم)، کێ بوو، هەواڵی مردنی تۆی هاورد، بەختی رەش و هەڵەو گەڕاوبێت ، ژێر و ژوور بێت، چونکە هۆش وفامی وەکو دڕندەکان هەواڵەی دەشت و کێو و بیابان کرد.

دڵم لە نهێنی دا دەیڕوانییە دواتا (شوێن پێتا)، وەکو ناوی (رحیم) بە دوای (رحمان) دا، لێرەدا موناسەبە و ئاماژەیەکی جوان هەیە، ئەویش خۆی ناوی راستەقینەی (عبدالرحیم) ە و ناوی کوژراویش (عبدالرحمان)ە، تۆ ئەو کۆترە ئازاد و بێ دڵەڕاوکێ بووی لە کوشتنت لە زەوی حەرامی دڵمدا، کە جێگەی خۆشەویستی یارانە، بێ ئاگا لە پیلانی مردنت؛ چینەی دانەوێڵەی خۆشەویستیت لەو زەوییەدا دەکرد. نەتزانی راوچی زەمانەی چەپگەڕ فرسەتت لێ دەسێنێ و لە ناکاودا دوورە دەست مشتی نیشانت لێ دەگرێت و دڵت دەپێکێت و دەتکوژێت.

دەقی شیعرەکەم لە سەرچاوەی (یادی مەردان)ەوە، ب2،...،ل421، وەرگرتووە تەنها دوا بەیت نەبێت واتە: بەیتی پێنجەم، کە لەسەرچاوەی (دیوانی مەولەوی، مەلا عبدالکریمی مدرس) وەرم گرتووە، کۆی بەیتەکان (9) نۆیە، چواری لە (یادی مەردان، ب2) ەمە، هەمووی لە دیوانەکەیدا، لەگەڵ واتای فەرهەنگی و گشتی بەیتەکاندا هەیە، بەڵام بەدەستکاری و خستنەسەر. حەزم کرد ئەم نامە شیعرییە لە هەردوو سەرچاوەکە وەرگرم لەبەر بەهێز بوون و چەسپاندنی نامە شیعرییەکە. جێگەی خۆیەتی بڵێم حەوت نامەی شیعری بۆ نووسیوە هەمووی لاواندنەوەیە بۆ (عبدالرحمان)ی کوڕی. سییانیان بە زمانی حاجی مەحموود خۆیەوە نووسیویەتی، یان وتوویەتی.

هەروەها نامەی شیعری بۆ کاك ئەحمەدی خەسرەو چاوەش (پریسی) ناردووە، داوای یەکێك لە خوشکەکانی کردووە، ئەوەی شایەنی وتنە، نامەکە یەك دێڕە و بەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاستە، بە زمانی دەڤەری جاف نووسیویەتی، دەڵێت:

قسەیێ ئەکەم بەڕێ و جێ وێ

کە لەیلێ نەوو، بابەییجێ وێ ل 353

ئەحمەد پریسی دوو خوشکی بووە: (لەیلی و بەهیجە)، مەولەوی حەزی لە لەیلی کردووە" بیهێنێ، بەڵام ئەو شووی کردووە، ئەنجا ئەیەوێ بەهیجە بێنێ، وە بۆ خوازبێنی ئەم دێڕە شیعرە ئەنووسێ بۆی، واتای دێڕە شیعرەکە روونە.

ئەحمەد پریسیش لەوەڵاما بۆی ئەنووسێت:

قسەیێ ئەکەی بێ رێ و جێ وێ

تۆ کە مەجنونی، چۆن بەییجێ وێ؟ ل 353

واتە: مەجنوون ئەبێ لە لەیلی بەولاوە کەسی نەوێ، ئیتر تۆ چۆن داوای بەهیجە دەکەی؟

ئەوەی جێگەی سەرنجە، مەولەوی لەرێ و رەسم و نەریتی خوازبێنی ژنی ئەو سەردەمە و ئێستاش دەرچووە*، خۆی راستەو خۆ داوای كردووە، یان لەوانەیە ئەم نامەیە تەنها بۆ بەینی برادەری و دۆستایەتیی میانیان بێت، گەر وابێت، ئەوا لە رێورەسم دەرنەچووە.

چامەیەكی (8) هەشت بەیتی بۆ (شێخ یوسفی نوسمەیی پاوەیی)، لەوەلآمی نامەیەكیدا ناردووە، (شێخ یوسف) سكالآی رەوشی خۆی بۆ روون كردووەتەوە، داوای چارەسەری لێ دەكات، مەولەوی لەوەلآمدا دەڵێت:

دەخیلم خاڵۆ زەدەی زام سەخت

حاڵ شێوێنەكەی مەعدومیی بەدبەخت، ل 238

راز رێزەی شەكەر، شای شەكەر رازان

فتیلە پەی زام كەسێ مسازان ل 239

وەختێ دڵ وەتیر مەینەتان رێش بۆ

جەو دما تەمای سارێشی پێش بۆ ل 239

زەدە: لێدراو، راز: لێرەدا قسەوباسە ، رێزە: وردە، فتیلە: پلیتە، پەرۆیەكی پاكی لوولدراو بوو دەیان ژەندە دەرمانا و دەیانئاخنییە قووڵایی برینەكەوە، بۆ خاوێن و پاكتاوكردنی. مسازان: دروست دەكەن.

جەودما: لەوەو پاش، پێش: پێی.

واتە: دەستم دامێنت، ئەی خاڵۆی پێكراو بەبرینی كاریگەر. كە باری دەروونی و رەوشی منی بەدبەختی تێك داوە، ئەی ئەو كەسەی، كە گوفتارت وەكو شەكەری ورد شیرینە، تۆ پاشای شەكەر گوفتارانی.

دەرگای مەینەتان جای نەدامەتەن

نا سۆریش یاد ئار رۆی قیامەتەن ل 239

تۆ پیرت بازەم دڵ وەشیی دڵەن

غەم زەدەی زامان وەشیش موشكوڵەن ل240

نەدامەت: پەشیمان بوونەوە، ناسۆریش: مەبەستی برینی تەشەنە كردووە، یاد ئار: بیرخەرەوە، بازەم: لێم گەڕێ، وەشیش: چاك بوونەوەی.

واتە: دەمی برین بە كراوەیی، وەكو دەرگا وایە بۆ دەرچوونی گوناە لێی، برینی تەشەنە كردووش، رۆژی هەستانەوە، واتە قیامەت دێنێتەوە یاد، بۆ خاتری پیریت لێم گەڕێ، كە داوام لێ دەكەی پلیتە بۆ برینەكەت دروست بكەم، مەگەر تەنها دڵ و دەروونی پێ خۆش كەم، ئەگینا برینی گرفتاری عەشق زۆر سەختە و دژوارە چاكبوونەوەی.

* مەولەوی رەوشتی تری لەم شێوە هەبووە، وەكو ریشتاشینی لە عادەت بەدەری خەڵكی و فەقێ و برادەرەكانی ئەو سەردەمە، رەخنەیان لێگرتووە و ئەویش لە وەلآمدا دەڵێت: ریشێ چەنی من نەیۆ وەحضور مبۆ بتاشووش تا وە نەفخ صوور، بڕوانە: دیوانی مەولەوی، مەلا عبدالكریمی مدرس،... ل272.

**نامە بۆ شێخ حەسەنی سازانی (بولبول)**

لەوەلامی نامەیەکی (بولبول)دا، کە شاعیرێکی هاوچەرخی خۆی بووە، حەز لە کچێکی مەولەوی دەکات، بەلام ناچێتە خوازبێنی، کچەکە شوودەکات، ئەمیش لە ئەنجامی ئەم نائومێدییەی و تێکشکانەی تووشی دەبێت، ئەم نامەیەی بۆ دەنێرێت، مەولەویش وەلامی دەداتەوە، دەڵێت:

چێشەن پەشێویم: ماتەمیی دڵەن

یاکزەی ئامای نامەی بەڵبوڵەن* ل 172

ئەم دێڕە پێویست بە لێکدانەوە ناکات.

ئێش هام فەردم ئێش وێم زانان

دەرد هام دەردم دەرد وێم زانان ل 173

هام فەرد: هاوشاعیرێتی، زانان: زانیوە

پێویست بە لێکدانەوە ناکات.

کەی تۆ خەیاڵێت وە دەروون ئاوەرد

هانات کەرد ئەو من، من بێ مەیلیم کەرد ل 173

هانا: پاڕانەوە و هاواری توند.

گۆیا جە لا وێت دەروونت ئێشان

بەد دوعاییت کەرد تەصدیعت کێشان ل 174

جەسەر دووکانچەی شای سەرتوجاران

هۆر گرتم کالای بەلای نازاران ل 174

شای سەرتووجاران: مەبەستی پەروەردگارە، هۆرگرتم: هەڵم گرتووە.

تەصدیع: ئەرك و ماندوو بوون.

واتە: گوایە لای خۆت دەروونت ئێشاوە و تووك (دعاء)ی شەڕت لێم کردووە، بەمە تەنها ماندوو بوونت بۆ ماوەتەوە، چونکە من لە کۆگاچەی پەروەردگارا، کوتاڵی بالای نازدارانم (خاوەن نازەکان) بەرکەوت، لە ئەزەڵ ئەم بەشە بۆ من بڕاوەتەوە، ئیتر تووکی تۆ هیچ بە من ناکات.

نە کۆی نزیکی شادی وەبادم

نەدەورەی دووری وە یادش شادم ل177

کۆ: خەرمان، دەورە: سەردەم

واتە: لەسەر خەرمانی نزیکی دۆست و یاران شادیم بەربادە، هاوەدەم باوە، لەوسەردەمی دووریدا شادم لەیاد کردنەوەی دۆستان. پەندێکی کوردی هەیە؛ دەڵێ: دوورو دۆست، چونکە لە تێکەڵ بووندا کێشەی تەماح و شتی تر روودەدا و خۆشەویستی و تاسە و پەرۆش کز دەبێت و بگرە لەبەینیش دەچێت. هەروەها وتوویانە: دیاری دۆست چ سەعاتێك چ سالێك.

* ئەو تاك وشانەی لە پێشا واتاکەی راڤە کراوە، پێویست ناکات دووبارە بکرێتەوە.

نامە بۆ مەلای خەیاڵ

شەماڵ ئەرجووم هەن هەی وەفیدات بام

وەسەر گەرد باڵ شانای هەوات بام ل303

ئەرجوو: تکا، باڵ شانا: باڵ راوەشاندن

واتە: تکات لێ ئەکەم هەی بە قوربانت بم، سەرگەردی باڵ وەشاندنی هەوات بم.

سەر بەر کەر نە سەر کۆی ئاتەشگاوە

بدیە وە مەسکەن (خانەگا) و (پاوە) ل 304

بدیە: بڕوانە

واتە: سەر بدە لە لوتکەی کۆی ئاتەشگا، کە شاخێکە لە نزیك پاوە، بڕوانە خانوو جێ نیشتنگەی دێی خانەگا و پاوە.

ئانا جە گرۆی جەرگەی هام سەران

(خەیاڵ) گرۆی دانەی دڵبەران ل305

گرۆی یەکەم: گرۆە، کۆمەڵ، گرۆی دووەم لە (گرویدە)ی فارسی وەرگیراوە، کەسێکە کە دڵی بەسرا بێت بە شتێکەوە.

واتە: مەلا خەیاڵی دۆستم، کە دڵی بەندە بەدانەی خاڵی دڵبەرانەوە، ئێستا لە ناو جەرگە و کۆڕی گرۆی هاوسەران و دۆست و هاودەردانێتی.

دڵ سفتەی بریان زوخاڵی یە وێم

خەم وەخەم خەیاڵ خەیاڵییە وێم ل306

بریان: گۆشتی سورەوە کراوە، سفتە: سووتاو

خەم وەخەم: خەم بەسەرخەمدا کەوتووە، خەیاڵ خەیاڵییە وێم: هەر تاوێك خەیاڵێك دەکەم، واتە: دڵم وەکو گۆشتی سووەرەوە کراو، کە لەسەر ئاگر دانەگیرابێت، هەتا سووتاوە، وەکو زوخاڵی لێ هاتووە، خەم و خەیاڵی لێ نابڕێت، ئەوەندە قووڵ بوومەتەوە لە باس و خواسی دووریی یاران؛ لەسەر بارێك ناوەستم، هاوکێشەم لەدەست داوە.

مەترسوون بمروون جەداخ یاران [24]

هەر بتلوون وەدەرد چون دەردەداران ل 307

بتلوون: بتلێمەوە.

پێویست بە لێکدانەوە ناکات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ناوی شێخانی شاکەل نییە لەم چامە شیعرییانەدا، لە کاتێکدا نامە ناردن، گۆڕینەوە لە بەینی ئەوان و شێخانی نەقشەبەندا بووە، باسی دەشتی پای هەردی شاکەل دەکات، کە جێگەی راوو شکارە، دەڵێت:

وادەی خاو نییەن، وادەی شکارەن دەشتەکەی پای هەرد (شاکەل) دیارەن. (ل373)

مەولەوی قەسیدەکانی یاخود نامە شیعرییەکانی لوتکەی رۆمانسییەتە لە شێوازدا، بەڵام لە ناوەڕۆکدا لە رووی دڵسۆزی و سۆز و وەفاداری و راستگۆییەوە لوتکەی ریالیزمییەتە، هەر شاعیرێکی پایەبەرز و مرۆڤێکی مەزن وەکو مەولەوی، ئەمەی لەدەست هاتبێت، گەر بێت و ئامارێکی ورد بکەین دڵنیام ژمارەی ئەو نامە شیعرییانەی کە ئەم ناردوونی بۆ پیرانی تەریقەت و شێخان و دۆست و برادەر و یارانی زۆرترین ژمارەیە لە چاو قەسیدە، یان نامە شیعرییەکانی شاعیرانی، یان کەسانی تر* هەروەها ئاستی هۆنینەوە و شێوازی وێنەی شیعری و هەستی لە گشتیان باڵا ترە. بۆیە دۆستان و یارانی گلەیی زۆریان لێ کردووە، کا نامەی شیعریان بۆ نانێرێت، مەبەستی زەقیش لەم داواکارییە ئاستی بەرزی نامەکانە لە هەموو روویەکەوە، چونکە پشت بەستە بە راستگۆیی لەگەڵ ئەو کەسانە و دڵسۆزی و خەم خواردنێتی بۆیان، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەیە ئەم بابەتەم هەڵبژارد.

* وەکو نامەکانی مەولانا خالیدی شارەزووری، کە بریتین لە هۆنراوە و پەخشان، زیاتر بەزمانی فارسی نووسیونی و دەگاتە (194) سەد و نەوەت و چوار نامە، جگە لەو نامانەی، کە پەخشانن بەزمانی عەرەبی نووسیونی، دەگاتە (91) نەوەت و یەك نامە، بۆ ئەمە بڕوانە: یادی مەردان، مەلا عبدالکریمی مدرس، ب1، چ1، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1979، ل 151 – ل 428 .

## ئـەنـجـامـەکـان

1) نامە نووسین و هونەرەکەی مێژوویەکی دێرینی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتن و داهێنانی نووسین و تۆمار کردن، دیارە پێش ئەم دیاردەیەش بووە، بەڵام ئێمە لە بەڕێوە چوونەکەی بێ ئاگاین.

تاکە پێوەندی تاك و کۆمەڵ بووە، چونکە هۆیەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن نەبووە، یان کز بووە، زۆر بە ئاستەم و دژواری ئەم کارە بەڕێوە چووە، تا گەییوەتە دۆخی ئێستای، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە.

دەرکەوتنی نامە بەم شێوەی ئێستای دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا و سەدەی حەڤدەیەم بەرەو ژوور .

2) دەرکەوتنی دیاردەی نامە نووسین لە کوردەواریدا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ئەم مێژووە، زمانی نووسین عەرەبی و فارسی بووە، چونکە دانراوە ئایینی و ڕۆشنبیرییەکان بەم دوو زمانە بووە، زیاتر عەرەبی، دواجار لە دەرکەوتنی بزوتنەوەی هزری و ئەدەبیی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، زمانی نەتەوەیی پەیدا بوو، هەتا تورکەکان خۆیشیان، ئەمەیان پێڕەو کردووە.

3) مزگەوت و تەکییەکان و خانەقاکانی کوردستان ڕۆڵی گەورەیان دیوە لەنامە نووسیندا (پەخشان و هۆنراوە) و پەرە پێدان و گەشەکردنیدا، لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە.

4) سەرەڕای دژواریی ژیان و سەختی جوگرافیای کوردستان، سەختی گەیشتنی نامە، پێوەندی ئایینی (گیانی) و کۆمەڵایەتی زۆر بەهێز بووە، نامە نووسین و پەرە پێدانی بەردەوام بووە، هیچ کاتێك دڵگەرمیی کەمی نەکردووە و ساردیش نەبووەتەوە.

5) مەولەوی تاووگۆزی یەکێك بووە لەو مەلاو خوێندەوار و موریدانەی، کە سۆز و دەربڕینێکی بەهێزی بووە، وێنا و وێنەی هۆنراوەیی و شێوازی نازك و ئاسانی بووە، بەڵام بەئەندێشەیەکی ڕۆمانسییانەی بەرز، کە دڵنیام هەتا کەڵە شاعیرەکانی پێش خۆی: بێسارانی، خانای قوبادی، صەیدی هەورامی، خانەکانی ئەردەڵان، وەلی دێوانە،... هتد، توانای ئەویان نەبووە. بۆیە تاوەکو ئێستا بەهەمان هێز ماوەتەوە.

6) یەکێك لەمەبەستە سەرەکییەکانی دۆست و یارانی کە داوای نامەیان لێ کردووە، لەبەر ئیستاتیکا (هونەری جوانی) و هێزی داڕشتنی ئەو لایەنانە بووە کە باسمان کردن، هەروەها زانیویانە بە هۆنراوە و شێوە زمانی (گۆران – هەورامی) نامەیان بۆ دەنێرێت.

7) ڕاست گۆیی و جەزبەی ڕۆحی و هێزی هزر و قووڵی سۆز و ناسکیی شیعر دەربڕین و پێوەندیی هەمەلایەنی بەهێزی مەولەوی بە ئەوکەسانەوە، بەهاو نرخی نامە شیعرییەکانی بەرز کردۆتەوە، بۆتە هۆ بۆ هەڵبژاردنیان بە بابەتێکی توێژینەوە.

8) هەرچەندە کورتەنامە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و خێرایی ڕەوتی ژیان، قۆناغی زۆری بڕیوە، بەڵام هێشتا نامە نووسین هێز و بڕشتی ماوە و زیاتر ناخ و هەستی مرۆڤ دەهەژێنێت.

**سوپاس و پێزانین**

پڕ بەدڵ سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەوانە دەكەم، كە لە ئامادەكردنی ئەم توێژینەوە ئەكادیمییەدا بەهەر شێوەیەك لە شێوەكان هاوكارییان كردم.

بە تایبەت برای بەڕێزم كاك هێمن سەروەت حاجی صاڵەح، كە ئەم توێژینەوەمی بەوپەڕی دڵسۆزی و ماندوو نەناسییەوە لەچاپ دا. خوای مەزن لە نموونەیان هەمیشە زیادكات.

## سەرچاوەكان


- هەنبانە بۆرینە، فرهنگ كوردی- فارسی، هەژار، چاپ سووم :1381 ه.ش چاپخانەی انتشارات سروش – تهران، ل 857.
- فەرهەنگی خاڵ، شێخ محمدی خاڵ، ج3، چاپخانەی كامەرانی-سلێمانی 1974،ل 331.
- ئەحمەدی خانی، چ3، چاپخانەی هەولێر، 1968م ، ل 21.
- المورد، قاموس انگلیزی/ عەرەبی، منیر البعلبكی، ط49 ، دار العلم للملایین، لبنان، بیروت، 2005، 523 .
- المعجم المفصل فی اللغه والادب، الدكتور امیل بدیع یعقوب، الدكتور میشال عاصی، مج1، دار العلم للملایین، ط1، لبنان- بیروت، 1987، ص381، 382.
- المنجد فی اللغه، لویس معلوف، نوبت چاپ: سووم، چاپخانەی منفرد، تهران، 1383 ه.ش، ل672.
- هەمان سەرچاوە.... ل259.
- دەقەكانی ئەدەبی كوردی، علاءالدین سجادی، چاپی یەكەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، 1978، ل185.
- بڕوانە فەرهەنگەكانی: هەنبانە بۆرینە... ل 126، فەرهەنگی خاڵ، ج1... ل246، فەرهەنگی مەهاباد.... ل130.
- دیوانی حاجی قادری كۆیی، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی: سەردار حمید میران، كەریم مستەفا شارەزا، ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی كوردستان،هەولێر، 1986،ل 87 ، 88.
- دەقەكانی ئەدەبی كوردی، علاءالدین سجادی.... ل 186.
- بڕوانە ناودارانی كورد، میر بەسری، عبدالخالق عەلائەدین، چ2، چاپخانەی مەنارە، هەولێر 2009، ل111.
- دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی، شێخ محەمەدی خاڵ، ئومێد ئاشنا، چاپی یەكەم، چاپخانە، بڵاو كراوەی ئاراس، هەولێر، 2003، ل41، 142، 146، 147، 148.
- دیوانی نالی، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی مەلا عبدالكریمی مدرس و فاتح عبدالكریم، محمدی مەلا كریم پیاچووەتەوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد بەغداد،ساڵی 1976، ل174، 181، 188، 197.
- دیوانی سالم (عبدالرحمان بەگی صاحبقران) چاپی دووەم، چاپخانەی كوردستان، هەولێر، ساڵی 1972، ل66، 67، 68.
- دەقەكانی ئەدەبی كوردی علاءالدین سجادی.... ل119، 120.
- هەمان سەرچاوە ... ل 123، (بەدەست كارییەوە، بێ گۆڕینی ناوەڕۆك).

- پەیوەندی تەلیفۆنی شەوی 17/18ی 8/ 2013، سەعات 15: 9، لەکەلار، لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵای حاجی حەسەن کەلاری.
- بڕوانە: دیوانی مەولانا خالید، لە بڵاوکراوەکانی دیداریی جیهانی مەولانا خالید، وەرگیراو لە کتێبی (یادی مەردان)ی مەلا عبدالکریمی مدرس، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، 2009، ل277، 288.
- دیوانی مەولەوی، مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپی یەکەم، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، 1961، ل5، ل437.
- دیوانی سالم (عبدالرحمان بەگی صاحبقران)، ل66.
- دیوانی مەولەوی، مەلا عبدالکریمی مدرس.... ل436، 437، 438.
- بڕوانە (یادی مەردان)،ب2، چ1، دانانی مەلا عبدالکریمی مدرس، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا. 1983، ل45، 46، 47، 421.
- دیوانی مەولەوی ..ل154، ل155، ل334، ل411، ل412، ل414، ل415، ل416.
- بڕوانە گۆڤاری رامان، ژ: 162، ل128-131، 5/11/2010، ئەم سەرچاوەش
- بەشێکە لە (دیوانی دەستنووسی مەولەوی تاووگۆزی)، دانراوی (سید تاهیری هاشمی
- دەوڵەتئاوایی)یە، کە وێنەیەکی لای (د.حسن جاف)ە.
- دیوانی مەولەوی، مەلا عبدالکریمی مدرس... ل396، ل397،ل156، ل353، ل238، ل239، ل240، ل172، ل173، ل174، ل177، ل303، ل304، ل305، ل306، ل307، ل373 .

# رسائل مولوي التاووگۆزى الشعرية

حسين محمود علي

**الملخص**

الرسالة وجمعها الرسائل والمكتوب و جمعها المكاتيب والنبأ وجمعها الأنباء, تتمحور حول أمر مشترك, هو ايصال المعلومات من المنشئ الى المستلم. و يمكن ارجاع ظهور الرسائل الى الماضي ألسحيق, ولاسيما عند ظهور الكتابة. و منذ ذلك الوقت و مرورا بأيامنا هذه, مرت الرسائل بعدة مراحل و تطورت من حيث الشكل والمضمون تبعا لتطور المجتمعات.

وقد تعددت أغراض كتابة الرسائل بحسب الغاية المنشودة منها, فكانت هناك رسائل اجتماعية و دينية و حربية و تجارية.....الخ

تعد رسالتا (نالي و سالم) الشعريتان من أقدم الرسائل الشعرية فى الأدب الكردي و هما تحملان معان وطنية و قومية و سياسية بمعيار ذلك الزمان و تمتازان ببلاغة الأسلوب و قوة السبك, و يمكن القول: أن قصائد مولانا خالد الشهرزوري- مؤسس الطريقة النقشبندية التجددية فى كوردستان- التى أرسلها الى مريديه لا تقل أهمية عن الرسالتين المذكورتين, فقد صاغها بروح صوفية متجددة , الا أن القليل منها مكتوبة باللغة الكردية, وبلهجة هورامان الگورانية, فأغلبها باللغة الفارسية مع هذا فهي تشكل تراثا شعريا و أدبيا و فكريا و أجتماعيا ترفد أدبنا القومي.

أما شاعرنا (مولوي التاووگۆزى) ألذي عاصر جزءا من سيرة (مولانا خالد و نالى و سالم) الروحيةوالشعرية فقد كانت رسائله الشعرية مغلقة بالأصل, وبكل أنوعها و كانت خالية بمجملها من العاطفة والوجدان, اذ كان شاعرا عرفانيا متصوفا، لذا كان ارسالها مقتصرا على المتدينين من منسوبي و مريدي الطريقة النقشبندية, ورفاق التتلمذ و رؤساء العشائر ووجهاء القوم.

وتعد رسائله هذه الأكثر تأثيرا, والأهم موضوعا, اذ كانت روحية محضة و نابعة من قلب و وجدان و فكر و عاطفة انسانية مفعمة بالصدق, فقد جاءت كلماته و مجازاته و موسيقاه الداخلية والخارجية وأبحره العروضية قوية مؤثرة تتناسب مع قوة صدقه و روحه الفياضة و سلوكه الصوفى المستقيم.

فكان ذلك دافعا لجعلها موضوعا لبحثي هذا, فقمت بدراسة أبياتها بامعان و طابقت بين معاني المفردات قاموسيا بما ينسجم مع السياق, و صنعت الكلمات وأشباه الجمل في السياق لتكون وحدة متكاملة متماسكة, وشرحت الأبيات ألشعرية و علقت عليها نقدا و تحليلا بحسب المنطق وألأنطباع ليكون الشرح وافيا حيا كحيوية الرسائل.

ووجدت أن شعره قد انطبع بانطباع رومانسي محلي معتدل مما يجعله رائد المدرسة الرومانسية فى الشعر الكردي دون أي تأثير خارجي, وأمتازت قصائده بجمالية ملفتة و قوة ظاهرة و متانة و رصانة, كل ذلك ممزوج بخيال جميل أخاذ.

هذا وقد قسمت البحث على ثلاثة أقسام و خاتمة, تضمن القسم الأول: أصل و معنى كلمة ألرسالة و جذوره ألنحوية و كونها مصطلحا شعريا و أدبيا و تعاريف و مفاهيم الكلمة والمراحل التاريخية لظهور كتابة الرسالة وأهدافها ألمختلفة و القسم الثاني يدرس ظهور كتابة الرسالة في المجتمع الكردي و أهدافها المختلفة و لغة كتابة الرسالة كجانب مهم من أسلوب كتابة الرسالة ونشوئها والقصيدة الشعرية فى الأدب الكردي, والأبعاد النفسية (الشخصية) والأجتماعية و الوجدانية أي العاطفية فيها.

والقسم الثالث يتضمن: (مولوي تاووگۆزی) والقصيدة الشعرية و لغتها الشعرية و جوانبها ألروحية والشخصية و الوجدانية والتأثيرات التي تتركها على المتلقي. و سجلت أهم النتائج ألتي توصلت اليها فى خاتمة البحث , وأرفقت البحث بقائمة المصادر والمراجع التي اعتمدتها في البحث.

# Mawlawi Tawugowzi's poetic letters

Hussein Mahmood Ali

Abstract

A letter is piece of information exchanged between a sender and a receiver. it can be traced back to the appearance of writing. Since then, letters developed in.

The aims of letters differ according to the purpose behind sending them. Like social, religious, military, and business letters.

The two poetic letters of Nali and Salim can be considered at the oldest ones in the Kurdish literature that carry national and political meanings according to their time. They are also characterized by strong styles and contents.

The letters of Mawlana Khalid al-shahrazoori (the founder of naqshabandi sect in kurdistan), that he sent to his followers, however, are not less important than the two mentioned letters, though little of them are written in Kurdish. most of them are written in Persian, but it is regarded as part of our culture.

As for Mawlawi, a contemporary to Mawlana Khalid, Nali, and Salim, his letters were originally closed and mostly were void of emotion since he was a mystic poet. So he sent the letters just to his followers, friends and tribal chiefs.

Generally, his letters were influential and important, they were spiritual-oriented with true emotions and strong music. Poetic figures that suit his spiritual

aspect and true expression, and this encouraged me to write about them, through explaining their lines and commenting on them.

I found that his poetry is characterized by romantic features and this makes the poet a pioneer in the Kurdish romantic poetry.

The paper is divided in to three sections and a conclusion. Section one studies the origin and meaning of the word "letter". In section two the appearance of letters In the Kurdish society with its different purposes. Section three studies Mawlawi's poetic letters, their poetic language, and their spiritual aspects.

The paper is concluded the most prominent findings that I reached as a long with a list of the references used.